دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧١٩، دووشەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی،١٩ی فێڤریەی ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com

• پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ٢

• ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا ٢

• کۆتایی هاتنی دەورەی ٢٢٨ی سەرەتایی پێشمەرگە ٣

خەباتی ڕۆژهەڵات بەردەوامە



٤

پیسبوونی کەشوهەوا لە ناوچەی ئەحوازی ئێران مەرگهێنەرە



٦

لە سەرووەری نەتەوەییەوە هەتا کلۆنی بوون



٩

ئاسۆ ساڵح: ڕووسیە لە چوارچێوەی هێز ناچارە لە سەر...



١٠

# منداڵان لە زمانی دایکییان دەتۆرێنن




٢١ی فێوریەی هەمووساڵێک (ئەمساڵ ٢ی ڕەشەمە) لە ئاستی جیهانی‌دا، بەپێی پەسندکراوێکی یونسکۆ، وەک ڕۆژی زمانی دایک ناسراوە و لەنێو گەل و نەتەوەکانی جیهاندا بە شێوازی جۆراوجۆر یادی دەکرێتەوە.

گرینگی ئەم مەسەلە و پێویستی دانانی ڕۆژێک بەم ناوە لەوەڕا دەردەکەوێ کە "زمان" ئاوێنەی باڵانوێنی کلتووری گەلێکە کە پێی دەئاخفێ و نوێنەرایەتیی شوناسییان دەکات، واتە جیهان و ژیانی ئەو گەلە بەو شێوەیە کە "بووە" و "هەیە" یان بەو چەشنەی کە دەبێ "ببێ" پێناسە دەکات، بەم پێیەش زمان کاتێک زیندووە و دەتوانێ ئەم ئەرکە مێژووییە بەجێ بگەیەنێت، کە ئاخێوەرانی زیندوو بن؛ زیندووبوون، نەک بەو مانای کە لە باری جەستەییەوە لە دنیای واقیعدا ببیندرێن، بەڵکوو بەو مانایە کە بە شانازییەوە بە زمانی زگماکییان بدوێن و شوناسی ڕاستەقینەی خۆیانی پێ بناسێنن.

زمانی دایکی یەکێک لە نیشانە و پیشاندەرە سەرەکییەکانی شوناس و کەرامەتی مرۆڤە و بە سەرەکیترین فاکتی ناساندنی "خود" و بن و بنەوای گەل دەناسرێ و لەسەر ئەم ئەساسەش یەکەمین ئامرازی پێوەندی تاک لەگەڵ دنیای دەرەوەی و یەکەمین کەرەستەی دەربڕینی هەست و نەستەکانە و زمانی بیرکردنەوە و خەون و خەیاڵەکانە.

بەم پێیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پێداگرتنەوە لەسەر گرینگییە هەست پێکراوەکانی زمانی زگماکی، لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینی، ڕۆژی ٢١ی فێورییەی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی ناساند، تاکوو بەم بیانووە هەم گرینگی زمانی دایکی و فێربوونی وەک مافێکی ئینسانی دەرکەوێت و هەم ڕێگری بکرێت لە تواندنەوە و لەنێوچوونی زمانە زگماکییەکانی جیهان.

بۆ درک کردن بەم گرینگییە لەلای یونسکۆ، لێرەدا ئاماژە بە بەشێک لەو ماددە یاساییانە دەکەین کە لە ڕاگەیەندراو و ڕێککەوتننامە جیهانییەکاندا پەسند کراون: ماددەی ٢٧ی میساقی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی ٣٠ی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ، ماددەی ٤ لە ڕاگەیەندراوی مافەکانی تاک سەر بە کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، ماددەی ٥٢ی ڕاگەیەندراوی جیهانی مافە زمانییەکان.

لەهەمبەر بارودۆخی زمان و زمانەوانان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، دەتوانین بڵێین سەرەڕای بەڕواڵەت واژۆکردنی هەموو ڕێککەوتن نامەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هیچ کام لە بەند و ماددەکانی ئەم میساق و یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییانە، لەلایەن ڕێژیمی تارانەوە ڕەچاو نەکراوە و بەپێچەوانەشەوە ڕێگری کراوە لە هەوڵە خۆڕسکەکان بۆ پەرەدان بە زمانی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوانیش کورد.

سەبارەت بەم ڕۆژە گرینگە جیهانییە کە ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمانەوە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دووتوێی ڕاگەیەندراوێکدا بۆ پێشوازی لە ٢ی ڕەشەمە، ئاماژەی بە کۆمەڵێک خاڵی گرینگ سەبارەت بە هەوڵەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، لەمەڕ تواندنەوە و پاکتاوی شوناسی گەلانی ئێران کردووە کە پێویستە ئاماژەیان پێ بکرێت:

- ئێران لە ڕووی پێکهاتەی زمانی، نەتەوەیی، ئایینی و کولتوورییەوە، وڵاتێکی فرەچەشن و فرە نەتەوەیە؛ بەڵام دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە جیاتی دان پێدانان بە بوونی ئەو نەتەوانە و بە ڕەسمی ناسینی مافەکانیان و یەک لەوان قبووڵکردنی خوێندن بە زمانی خۆیان، ئینکار و سەرکوت و لە پەراوێز خستنی ئەو زمانانەیان کردووە بە سیاسەتی خۆیان. بە فەرمی نەناسینی مافی خوێندن بە زمانی دایك بۆ ئەم نەتەوانە، لە ڕووی دەروونی، پەروەردە، کولتووری و زمانییەوە بووە بە سەرچاوەی گرفتی گەورە و زیانی قەرەبوونەکراو. لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیك و سیاسی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەم مافەی بەرەو ئاقارێکی دیکە بردووە.

- لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانەوە، زمانی دایکیش هەڕەشەیە بۆ سەر "بەرژەوەندی نەتەوەیی"، "یەکپارچەیی خاك" و لە هەمان کاتدا، بیانوویەکە بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆییخوازی؛ هەر بۆیە پێیان وایە کە ئەم چەمکە فەرمییانە دەبێت کۆڵەکە سەرەکییەکانی "شوناسی ڕەسەنی" ئێرانی بن.

سەبارەت بە گەلی کوردیش لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: ئێمەی نەتەوەی کوردیش، وەك نەتەوەیەکی خاوەن فەرهەنگ و شارستانیەت، لە ڕابردوو و تەنانەت لە ئێستاش کە زمان و کولتوورمان لەلایەن کولتووری زاڵ و باڵادەستەکانەوە مەترسیی سڕینەوە و لەناوچوونی لەسەرە، بە ئەرکێکی نیشتمانی هەر تاکێکی کوردی دەزانین پرسی زمانی دایکی و پاراستنی بە هەند وەربگرێ و هەوڵی پاراستن و گەشەپێدانی بدات.

بە بانگەوازێکیش ڕوو لە تێکڕای ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوایان کردووە، ڕۆژی زمانی دایک بکەن بە دەرفەتێک بۆ دەنگ هەڵبڕین دژی سەرکوتی زمانی و پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی کورد و پێکهاتە جیاوازەکانی دیکەی ئێران.

نەتەوەی کورد، یەکێکە لەو نەتەوە بندەستانەی کە بە بەردەوامی لە لایەن دەوڵەتە پاوانخواز و داگیرکەرەکانەوە کەوتۆتە بەر هێرشی لەناوچوون و سڕینەوە، کە لەم پرۆسە درێژخایێنەدا، زمان یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرینگ و کارامەکان بووە.

ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە بەرانبەر زەخت و گوشار بۆ سەر خەڵک و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی فاکتەرە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە گشتی و زمان بە تایبەتی، هەبوون کەسانێک کە بۆ پووچەڵکردنەوە و بێ ئاکام مانەوەی هەوڵی داگیرکەران، بەو پەڕی دڵسۆزی و ئەرکناسییەوە دەستیان دایە خەباتێکی پیرۆز و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خواستی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەوڵی زیندوو ڕاگرتن و بەرزنرخاندنی زمانی کوردییان گرتە ئەستۆ، وەک بڵێی بە دژکردەوەیێکی باش و لە جێی خۆیدا، وڵامی کردەوە ناڕەوا و خۆپەرستانەکەی ڕێژیمیان دایەوە.

## پەیڤ

### پرسی ڕێفراندۆم

**کەریم پەرویزی**

ڕۆژانی ڕابردوو، کاتوساتی هەستیاری تەمەنی کۆماری ئیسلامی دەردەخست. لەم ڕۆژانەدا و دوای ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی سەرتاسەری ئێران، دوای سەرکوت و توندوتیژیی لەرادەبەدەر بەرامبەر بەو خەڵکە نارازییە، کاتی لێدوانی سەرانی ڕێژیم بوو کە دەری بخا ئایا لە سەرکوتکردنی خەڵکدا بە سەرکەوتنی دڵخوازی ڕێژیمە ستەمکارەکەیان گەیشتوون یان نا؟ هەرچەند خامنەیی و فەرماندەکانی سپا ڕایانگەیاند کە ئاژاوەکە تەواو بوو! بەڵام زۆری نەخایاند کە کێشەی قووڵتریان دەرکەوت و ئەحمەدی‌نژادی مۆرەی دەسکردی خامنەیی، بە بەرچاوی جیهانەوە دەسەڵاتی قەزایی و ڕێبەری ڕێژیمی بردە ژێرپرسیار و ڕوحانیی مۆرەی ئەمنیەتیی دڵخوازی خامنەییش ڕایگەیاند کە دەبێ قسەی خەڵک ببیستن دەنا چارەنووسی شا لە سەرڕێگەی دەسەڵاتدار واتە خامنەییە و دواتریش لە کۆبوونەوەیەکدا باسی گشتپرسیی وروژاند.

ئەم قسانەی سەرانی ڕێژیم گەر لە پەنای قسەکانی جەننەتیی شوورای نیگابانیدا دادەنێی نیشان لەوە دەدات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەستی بە ساتەوەختی مەرگی خۆی کردووە و بە دوای دەریچەی درێژکردنەوەی تەمەنی نگریسی ڕێژیمەوەن.

جیا لە ڕوحانی کەسانی دیکەش بە چەند ڕوانگەی جیاوازەوە باسی گشتپرسییان وروژاندەوە کە ئێستا بۆتە باس لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکان لە ئێران و دەرەوەی ئێراندا.

ئەو گشتپرسییەی کە ڕوحانی باسی دەکات، لە چوارچێوەی یاساکانی کۆماری ئیسلامیدایە و هەرچەند خودی وروژاندنی باسی گشتپرسی نیشان لەوە دەدا کە سەرکۆماری ڕێژیمیش درکی بە چەقبەستوویی و چەقینی ڕێژیم لە زەلکاوی قەیرانە دەسکردەکانیدا کردووە، بەڵام ئەو گشتپرسییەی ئەو بۆ گوشاری سیاسی بۆ باند و گرووپەکانی دیکە و ئیمتیاز وەرگرتن لێیان و دووبارە خۆڵ لەچاوی خەڵک کردنە، چوونکە درۆبوونی هەموو وادە و بەڵێنەکانی سەلمێنراون.

گشتپرسییەک کە بەناو چاکسازیخوازان باسی دەکەن، بۆ گۆڕینی هەندێک خاڵ لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییە و لەڕاستیدا لەژێر ناوی پاراستن و بەقای ئێراندا دەیانهەوێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە سیمایەکی فریوکارانەترەوە بمێنێتەوە.

گشتپرسییەکی دیکە جێگای لێوردبوونەوەی زۆرترە، هەندێک لە گرووپ و حیزب و چالاکانی سیاسیی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران



لە کاتێکدا لە ساڵوەگەڕی ۳۹ ساڵەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی ئازاد و دێموکراتیک نزیک دەبینەوە کە خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادی، قۆناغێکی نوێی بڕیووە.خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ۷ی بەفرانبار و ڕۆژانی دواتری کاریگەری گەورەیان لە ئاستی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی دیکتاتۆری داناوە و سیمایەکی تازەی خەباتکارانەیان بە بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلانی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و هەڵپێچانی سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەخشیووە.

ئاخێزی بەرین و بەربڵاوی شار و ناوچە جیاجیاکانی ئێران ئەگەرچی لە ناڕەزایەتی بە دۆخی نالەباری ژیان و مەعیشەتی خەڵکەوە بوو، بێگومان بەرهەمی سیاسەتی چەوت و گەندەڵیی ئابووریی دارماو و ڕانتی و قۆرغکراوی سپای پاسداران و دام و دەزگا ئەمنییەتییەکانی سەر بە بەیتی خامنەیین کە هەر زۆر زوو ئاراستەیەکی سیاسیی بەخۆوە گرت و بەشداریی جەسوورانە و ماناداری ژنان، کرێکاران، خوێندکاران و باقی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا هیوایەکی تازەیان بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران بەخشیووە. ناوەڕۆکی ئەو خۆپیشاندانانە و پانتاییە جوگرافیاییەکەی لە چاو خۆپیشاندانەکانی پێشووتری ئێران دەریان خست کە ئێران و خەباتی سیاسی و مەدەنی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە.

سەرەکیترین بەرهەم و تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە: داماڵینی مەشرووعییەت لە سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە هەر دوو باڵی ئیسلاحخواز و بناژۆخواز و هەروەها کۆتایی هێنان بە چەقبەستوویی سیاسی و دارمانی هەیمەنەی ڕێژیم و لە بەرامبەریشدا بەرزبوونەوەی ورەی خەباتکارانەی خەڵکی بە زاڵە هاتوو، سەلماندی قەڵای دیکتاتۆرییەت لە بەرانبەر هێز و ئیرادەی جەماوەردا، چەند لاواز و زەبوونە.

ئاشکرایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی نگریسی لە هیچ ئامراز و شێوازێک بۆ سەرکوت و داپڵۆسین، کوشتن و بڕین و زیندان و ئێعدام درێغی نەکردووە، بەڵام نەیتوانیووە هەستی ئازادیخوازی لە ئێران بکوژێت.

بۆیە پاش تۆمارکردنی مێژوویەکی ڕەش و کەڵک وەرگرتن لە هەموو دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانیەوە، بە هەموو پرۆپاگاندەی میدیایی و ئیرشاد و سیستمی پەروەردەکەیەوە نەیتوانی ئاراستەی ویستی خەڵک و ئامانجەکانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ کە بریتی بوون لە نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی و چینایەتی، بەهرەمەندی کەمایەتییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان لە مافە ڕەواکانیان، و هەروەها دەستەبەرکردنی مافی ژنان، ئازادیی تاک و بە گشتی بونیاتنانی ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات و سکۆلار، بگۆڕێت.

لە ساڵیادی ۳۹ ساڵەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا بە چاوخشاندێکی کورت بە بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ئێرانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی بەڕوونی دەردەکەوێت کە چۆن بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە ئاوات و ئامانجەکانی شۆڕشی جەماوەرییان بە لاڕێدا برد و بە دواکەوتووترین یاسای سەردەم حاشایان لە ماف و ئازادییەکان کرد و وڵاتیان نوقمی گەندەڵی، دزی و تاڵان و بڕ و وێرانی کردووە. هەڵاوسانی ڕوو لە زیاد بوون و بەتاڵتربوونەوەی سندووقی پاشەکەوت، وەرشکستەیی بانکەکان، نوشستیی ئابووری و بێکاری و... ئابووریی ئێران و تەنانەت ڕێژیم و دەسەڵاتیشی بە بنبەست گەیاندووە و تەنها ئاسۆی گەش و هیوا بەخش بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و چارەسەرکردنی ئەو کێشانە گۆڕانی سیستەمی سیاسییە، کە ئەمڕۆ بە پانتایی ئێران بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی (ژنان، خوێندکاران، لاوان، ژینگەپارێزی، کرێکاران و...) تێیدا لە گەشە سەندنی بەرچاودان.

کەشی ترس و تۆقاندنی داسەپاوی دەیان ساڵەی ڕێژیم شەقی گەورەی تێکەوتووە و خەڵک ترسیان ڕژاوە. لە ئاستی دەرەکیی و ناوچەییشدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی گەورەی چارهەڵنەگر بەرەوڕووە. پشتیوانیی ئاشکرای لە تێرۆریزم، ئاژاوەگێڕی و شەڕەنگێزیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، بۆ دنیا ئاشکرایە و درێژەدانی ئەم سیاسەتە چیدیکە قبوول ناکرێن.

بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان بە تایبەتمەندییە پێشکەوتنخوازانەکانی کە هەر لە سەرەتاوە پێشەنگی خەبات بۆ ڕووخانی ڕێژیمی تۆتالیتێر و دیکتاتوری کۆماری ئیسلامی بووە، بێ گومان لە داهاتووشدا ئەرکی گەورەی لەو بوارە لە ئەستۆ دەبێت.

بە تێگەیشتنی دروست لە هەلومەرجی ئێستا و ئەرکمان لە بەردەم ئەم گۆڕانە گەورە کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە ئێران، لەم بڕوایە داین کە یەکێتی ، یەکڕیزی و هاوهەڵوێستیی هەموو ئازادیخوازان و ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی بۆ سەرخستنی ئەرک و ڕاسپاردە مێژووییەکانیان و پشتیوانی لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان پێویستییەکی چارەنووس ساز و حاشاهەڵنەگرە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای بەرز نرخاندنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دێموکرات و سیکۆلار و دادپەروەر، پشتیوانی لە خەباتی خەڵک بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئازادییەکانیان و سەرەنجام گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی لە ئێران دەکات و خۆی بە پاڵپشتی هەر بزووتنەوەیەکی دێموکراسیخوازانە دەزانێت بۆ لاوازکردن و هەڵپێچانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە سەر پێویستی هاوکاری و هاوپشتی و هاوخەباتیی هەموو خەباتکاران و ئازادیخوازانی ئێران پێداگری دەکاتەوە.

**سەرکەوێت بزووتنەوی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد**

**بڕووخێت دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە ئێران**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**۱۹ی ڕێبەندانی ۱۳۹٦ی هەتاوی**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا




خەڵکی مافخوازی کوردستان!
ڕۆڵە وشیارەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان!
هۆگران! پارێزەران و بەرگریکارانی زمانی کوردی لە وڵاتی ئێران!

وەک دەزانن ٢١ی فێوریەی هەموو ساڵێک (ئەمساڵ ٢ی ڕەشەممە) لە ئاستی جیهانیدا وەک ڕۆژی زمانی دایک ناسراوە و لەنێو گەل و نەتەوەکانی جیهاندا بە شێوازی جۆراوجۆر یادی دەکرێتەوە.

مرۆڤ، بوونەوەرێکی شوناسخوازە و زمان لە نواندن و سەلماندنی ئەو شوناسەدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. زمان پڕەنگترین نوێنگەی شوناسی مرۆڤە. مرۆڤ بە ڕێگەی زمان، ژیان و شوناسی خۆی و دەوروبەر مانا دەکاتەوە. زمانی دایك، نەک هەر زمانی ئاخاوتن، بەڵکوو زمانی عاتیفە،زمانی هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە. هەر ئەم ڕاستیانەش وای کردووە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ، گرنگی بە مافەکانی پێوەندیدار بە زمان بە تایبەتی پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایک بدەن. بەشێک لەو مافانە لە پەسندکراوە نیودەوڵەتییەکانی وەک ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن لە سیستمی پەروەردە و فێرکاریدا، کۆنوانسیۆنی مافەکانی مندالان، کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی لابردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی نژادی، بەیاننامەی مافی کەمینە مەزهەبی، نەتەوەیی، ئێتنیکی و زمانییەکان و ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافە زمانییەکاندا، ڕەنگیان داوەتەوە و پێیان لە سەر داگیراوە.

ئێران لە رووی پێکهاتەی زمانی،نەتەوەیی،ئایینی و کولتوورییەوە،وڵاتێکی فرەچەشن و فرە نەتەوەیە. بەڵام دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە جیاتی دانان بە بوونی ئەو نەتەوانە و بە ڕەسمی ناسینی مافەکانیان و یەک لەوان قبووڵکردنی خوێندن بە زمانی خۆیان، ئینکار و سەرکوت و لە پەراوێز خستنی ئەو زمانانەیان کردوە بە سیاسەتی خۆیان. بە فەرمی نەناسینی مافی خوێندن بە زمانی دایك بۆ ئەم نەتەوانە، لە رووی دەروونی،پەروەردە،کولتووری و زمانییەوە بووە بە سەرچاوەی گرفتی گەورە و زیانی قەرەبوونەکراو. لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیك و سیاسی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەم مافەی بەرەو ئاقارێکی دیکە بردووە. سیستمە شوینیستیەکان،شوناسی خۆیان تێکەڵکێشی زمانی باڵادەست کردوە و وەك ئامرازێك بۆ سەرکوت و لەپەراوێزخستنی زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە کاریان هێناوە. دەسەڵاتداران لە پەیوەندی لە گەڵ مافی زمانی و مافەکانی دیکەی پێکهاتەکانی ئێران، کۆمەڵێك پاساو و هۆکار دێننەوە کە لە بنەڕەتدا بەلاڕێدا بردنی واقعی کێشەکەیە، بۆ نموونە بە کارهێنانی چەمکی "کەمینە" و "وردە فەرهەنگەکان". بە تەواوی ئاشکرایە کە کۆی کەمینەکان(نەتەوە ژێردەسەتەکان)،زۆرینەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێکدێنن لە کاتێکدا لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەشن. ئەم چەمکانە لەسەر بنەمای هەڵاواردن و بە فەرمی نەناسینی جیاوازییەکان و نکۆڵی کردن لە مافە سروشتی و سیاسیەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و زمانی وئایینیەکانی ئەم وڵاتە بنیات نراوە. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەکەوێتە چوارچێوەی سەرکوتێکی سیستماتیکەوە کە لایەنێکی یاسایی پێدراوە.

لە روانگەی دەسەڵاتدارانەوە، زمانی دایکیش هەڕەشەیە بۆ سەر "بەرژەوەندی نەتەوەیی"،"یەکپارچەیی خاك" و لە هەمانکاتدا، بیانوویەکە بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی خوازی. هەر بۆیە پێیان وایە کە ئەم چەمکە فەرمییانە دەبێت کۆڵەکە سەرەکییەکانی" شوناسی رەسەنی" ئێرانی بن.

لایەنگرانی سیاسەتی تەك زمانی، بریتین لەو کەسایەتی، رەوت و لایەنانە کە تەنها خاڵی هاوبەشیان،رەنگە هەمان زەرووڕەتی پاراستی پێگەی پاوانخوازانەی زمانی نەتەوەی باڵادەست بێت. ئەمە لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی بە کەم گرتنی زانست و ئەدەب و کولتووری نەتەوەکانی دیکە و بێ بایەخ کردن و تواندنەوەیان. گرتنەبەری ئەمسیاسەتە، لە راستیدا بنەمای فکری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتدارانی ئێران و رەوتە بێدەسەڵات و هاوبیرەکانیان بووە بە درێژای مێژوو تا دەگاتە ئێستا.

ئەم جۆرە روانین و سیاسەتە،بە کردەوە گورزێکی مەترسیداری لە پێکهاتەی فرەچەشن و رەنگاڵەیی ئێران داوە و مەترسی لەناوچوون و لەپەراوێزخستنی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکەی بەدواوە بوو. بەڵام، بێ توانایی و لاوازیی پێکهاتەیی سیستمی سیاسی لە بەرەوپێشبردنی رەوتی یەکسانسازی و ئاسێمیلاسیۆنی فەرهەنگی و زمانی لە لایەک و وشیاریی نەتەوە بندەستەکان و بەرگریکردنیان لە زمانی خۆیان،هۆکاری سەرنەکەوتنی بووە.

ئەم ئیدیعایە کە بە فەرمی ناسینی زمانەکانی غەیرە فارسی، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ویست و ئۆگری بە جیابوونەوەی نەتەوەکانی غەیرە فارس،زۆرتر لە ژێر کاریگەری "تئوری توطئە" و ماهییەتی پاوانخوازانەی دەسەڵات و دەسەڵاتداراندا بووە. ئاشکرایە کە سەپاندنی زمانێکی تایبەت دەکەوێتە چوارچێوەی زمان کوشتن و سەرکوتێکی سیستماتیك بە تەواوی ماناوە. لە کاتێکدا لەم سەردەمەدا بە دەیان وڵاتی جیهان زیاتر لە یەك زمانی فەرمییان هەیە،سیستمی پەروەدرە وفێرکارییان چەند زمانەیە و زۆربەشیان خاوەنی سیستمێکی سیاسی سەقامگیر و دێموکراتیکن.

ئێمەی نەتەوەی کوردیش، وەك نەتەوەیەکی خاوەن فەرهەنگ و شارستانیەت، لە رابردوو و تەنانەت لە ئێستاش کە زمان و کولتوورمان لەلایەن کولتووری زاڵ و باڵادەستەوکانەوە مەترسیی سڕینەوە و لەناوچوونی لەسەرە، بە ئەرکێکی نیشتمانی هەر تاکێکی کوردی دەزانین پرسی زمانی دایکی و پاراستنی بە هەند وەربگرێ و هەوڵی پاراستن وگەشەپێدانی بدات.

بانگەوازی ئێمە:

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، بە ڕێز و پێزانینەوە ئاوڕ لە هەوڵ و خەباتی دڵسۆزانەی ڕووناکبیران، مامۆستایان، نووسەران،توێژەران و وێژەوانانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نیوخۆی ئێران دەداتەوە کە سەرەڕای گوشار و هەرەشە و کارشکێنیی دام و دەزگا حکوومەتییەکان، لە پاراستنی زمانەکەیان و خزمەتکردن و بووژاندنەوەی غافڵ نین.

لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا بانگەوازی ئێمە بۆ تێکڕای ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە: ڕۆژی زمانی دایک بکەن بە دەرفەتێک بۆ دەنگ هەڵبڕین دژی سەرکوتی زمانی و پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی کورد و پێکهاتە جیاوازەکانی دیکەی ئێران. بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نزیکەی ٤٠ ساڵە تەنانەت لە سەر ڕێی جێبەجێبوونی ئەو لانیکەمە لە مافی زمانیی پێکهاتەکانی ئێرانیش کە لەقانوونی ئەساسیدا هاتوە،بوون بە کۆسپ و ڕێگر و کردوویانە بە هەوێنی بانگەشەی مۆرەکانی خۆیان لە بە ناو هەڵبژاردنەکاندا و، بەم جۆرە گاڵتە بە شوعوور و ویستی ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییانە دەکەن.

ئێمە داواکارین لە ڕۆژانی داهاتوودا و بە تایبەتی لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، بە ئامانجی مەحکوومکردنی ستەم و سەرکوتی زمانی و نەتەوەیی لە ئێران و، بەرزڕاگرتنی زمان و شوناسی نەتەوەیی خۆتان ببن بە یەکپارچە چالاکی. چاوەروانیی ئێمە ئەوەیە لە زانکۆکان، قوتابخانەکان،ئیدارەکان، بنکە و ناوەندە کولتوورییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەو ڕاگەیەنانەی دەنگتان پێیان دەگا، بەو پەڕی ڕاشکاوی و بوێرییەوە ناڕەزایەتی و بێزاریی خۆتان لە سیاسەتی زمانی و نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەنەوە. داوامان لە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان،مامۆستایان، قوتابیان، خوێندکاران و چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنی ئەوەیە کە بە هەر شێوەیەك بۆیان دەگونجێ،لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، یەکگرتوانە و بە کردەوە دەنگی مافخوازانەی خۆیان بەرز بکەنەوە.

**بە هیوای هەر چی پڕ شکۆتر بەڕێوەچوونی ڕۆژی زمانی دایک لە کوردستان**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

# سێهەمین کۆبوونەوەی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» بەڕێوە چوو

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سێهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا بەشداری کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە سێهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، کە لە بنکەی سەرکردایەتی "سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران" بەڕێوە چوو، بەشدارییان کرد.

لەو دانیشتنەدا ویڕای باس لە بریار و ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی پێشوو، جەخت لەسەر پرنسیبەکان و هێڵە گشتییەکانی هاوکاری کرا و بەتایبەت لەسەر مەسەلەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دابین کردنی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران باس کرا.

دواتر ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر تەوەرە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کرا و جەخت لەسەر هاوکاریی و هاوئاهەنگی بۆ نێوخۆی کوردستانی ئێران کرایەوە و مەسەلەی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە و ڕۆڵی بەرچاوی ژنانبەبایەخەوەباسی لێ کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەروەها باس لەوە کرا، کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، دەبێ هەوڵ بدات بەپێی ئەو پرنسیبانەی کە لەسەری ڕێک کەوتوون هێز و لایەنە سیاسییەکان بانگهێشت بکرێن و لە نزیکەوە لە بۆچوون و ڕوانگەکانیان ئاگادار ببنەوە، هەروەها لەسەر ٢١ی فێوریبە، ڕۆژی زمانی دایکی کار و هاوئاهەنگی پێویست ئەنجام بدرێت.

هاوکات سپاس لەو هێز و لایەن سیاسییانە کرا کە پیرۆزباییان بۆ ناوەندی هاوکاری ناردبوو و ئامادەیی و هاوکاریی خۆیان ڕاگەیاندووە.

دواتر چەندین خاڵ وەک بەرنامەی کاری بۆ هەرچی چالاکترکردنی کارەکانی ناوەند دیاری کران و بە پێکهێنانی پرێسکۆنفرانسێک کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ هات.

# حیزبی دێموکرات و یەکگرتووی ئیسلامی کۆ بوونەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٤ـەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی سەردانی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبەی کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەردانی یەکگرتووی ئیسلامییان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن "سەلاحەدین محەممەد بەهادین" ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو پێشوازیان لێ کرا.

لەو سەردانەدا "قادری" پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی بە بۆنەی ٢٤ـەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکگرتووی ئیسلامی پێشکەشی ئەو حیزبە کرد و هیوای سەرکەوتنی لە کارەکانیان بۆ خزمەت زیاتر بە خەڵکی کوردستان بۆ بە ئاوات خواست.

# شاندێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە کۆ بووەوە

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدساڵح قادری" بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێر، سەردانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریەیان کرد و لە لایەن شاندێکی ئەو ئەنجومەنەوە بە سەرپەرەستیی "جدعان عەلی" بەرپرسی دەورەیی نوێنەرایەتی "ئەنەکەسە" (ENKS) لە هەرێمی کوردستان پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا نوێنەری حیزبی دێموکرات، بە ئاوڕدانەوە لە حەرەکەتە نارەزایەتییەکانی نێوخۆی ئێران و داماوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەمەڕ چارەسەریی قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، تیشکی خستە سەر پێکهێنانی ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی کوردستانی ئێران و خەباتی هاوبەشیان دژ بەو ڕێژیمە وەک زەروورەتێک بۆ وڵامدانەوە بە پێشهاتە سیاسییەکانی داهاتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و بەتایبەت ئامادەکارییەکانی حیزبی دێموکرات بۆ بەستنی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی خستە بەرباس.

شاندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە، باسیان لە هەلومەرجی ئێستەی ڕۆژئاوا بەگشتی و بەتایبەت عەفرین کرد و دوایین هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆیان لەو پێوەندییەدا بۆ چارەسەریی کێشەکانی ڕۆژئاوا و ڕاگرتنی شەڕی عەفرینی خستە بەرباس.

لە کۆتاییدا دوو لایەن لە سەر بەردەوامی پێوەندی و هاوکارییەکانیان جەختیان کردەوە.

# بۆ پشتیوانی لە دوو زیندانیی سیاسیی کورد چالاکی تەبلیغیی بەڕێوە چوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری شنۆ، بۆ پشتیوانیی لە دوو زیندانیی سیاسیی چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەبەستی پشتیوانیی لە "هیدایەت عەبدوڵڵاپوور و ڕامین حوسێنپەناهی" دوو زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە دوای حوکمی دژە مرۆڤانەی ئێعدامی "هیدایەت عەبدوڵاپوور و ڕامین حوسێنپەناهی"، لە لایەن دەزگای بەناو دادوەریی ڕێژیم کەمپەینێک لەژێر ناوی "پشتیوانانی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور و ڕامین حوسێنپەناهی" پێک هێنراوە، کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو حوکمە نادادپەروەرییەی دادگاکانی ڕێژیم دەکەن.

تا ئێستا چەندین ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی، چالاکانی سیاسی و مافی مرۆڤ، پارێزەران و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی ئەو دوو زیندانییە سیاسییە کوردەیان کردووە.

# دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد



دایکی شەهید "بەهمەن پاکار" لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی لە شاری بۆکان ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، دایە "خانمۆڵ نەبی" کچی "قادر"، دایکی شەهید "بەهمەن پاکار" لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

دایە خانمۆڵ، ژنێکی نیشتمانپەروە و گەلدۆست بوو؛ تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەدا بە خاک سپێردرا.

شەهید بەهمەن پاکار، پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە گوندی "حاجیاوا" سە ر بە شاری بۆکان لە دایک بوو؛ شەهید بەهمەن پێشمەرگە ی هێزی ١١٠ی بەیانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی لە شوێنێک بە ناوی "کولیجە" هەڵکەوتوو لە جادەی مەهاباد - بۆکان لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# کۆتایی هاتنی دەورەی ٢٢٨ی سەرەتایی پێشمەرگە



ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی دەورەی ٢٢٨ی سەرەتایی پێشمەرگە، لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان، بەڕێوەچوو.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا پۆلێک لە کچان و کوڕانی دەروەستی کورد، پاش تەواوکردنی دەورەی تایبەتی سیاسی و نیزامی، چەکی داکۆکی لە کەرامەتی نەتەوەکەیان لە شان کرد.

ئەم ڕێوڕەسمە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاش ئەنجامدانی چەند نمایشێکی سەربازی لەلایەن بەشدارانی دەورە، لەم ڕێوڕەسمەدا کە بە ئامادەبوونی چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەری حیزب و بەشێک لە پێشمەرگەکانی هێزی تایبەت لە شاخەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، بەڕێز ڕووناک فەتحی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد.

ناوبراو لە سەرەتای قسەکانیدا وێڕای پیرۆزبایی لە بەشدارانی دەورە، باسی لە کەسایەتیی بەرزی پێشمەرگە و تایبەتمەندییەکانی کرد و ڕایگەیاند: پێشمەرگە مرۆڤێکی خاوەن ئیرادەیە، چوونکە سەختی و هەوراز و نشێوییەکانی سەر ڕێگەی خەبات ،کۆڵی پێنادا و بەپێچەوانەوە ئیرادەی بەهێزتر دەکات؛ ئیرادەیەک کە دوژمنانی گەل لێی تۆقیون.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیشیدا وتی: دوژمنانی گەلی کورد زۆریان هەوڵ داوە، پێشمەرگە وەک کەسێکی شەڕخواز و تێکدەر بە خەڵک بناسێنن، بەڵام جەوهەری شۆڕشگێڕ بوون و باوەڕی دێموکراتیکی پێشمەرگە، ئەم هەوڵانەی دوژمنی کردە خەونێکی بەتاڵ.

وتیشی: بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ناوچە و بەتایبەت لە ئێراندا هاتونەتە ئاراوە، خەباتی گەلی کورد بۆ ڕزگاری و ئازادی، پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ کە بەرپرسایەتی ئەو قۆناخە نوێیە، زیاتر لە هەر کاتێک پێویستی بە هاوخەباتی و بەهێزکردنی ڕۆحی بەرزی نەتەوەیی هەیە.

لە کۆتایی قسەکانیشیدا ئاماژەی بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی نێو کۆمەڵگەی ئێران کرد و ڕایگەیاند: بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەنووکەیی ئێران، خەباتی حیزبی دێموکرات و گرینگی ڕاسان زیاتر خۆی دەنوێنێ، کە پێویستی بە لێکگرێدانی زیاتری خەباتی شاخ و شارە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەم ڕێوڕەسمە بە چەندین شێعر و سرودی شۆڕشگێڕانە، کە لەلایەن بەشدارانی دەورەوە ئامادە کرابوو، ڕازێندرایەوە و لە کۆتاییشدا چەند نمایشێکی تایبەتی سەربازی پیشان درا، کە سەرنجی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

# کۆچی دوایی دایکی دوو شەهیدی حیزبی دێموکرات لە هەورامان



دایە "ئامینە حسەینی" دایکی دوو شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خوشکی سێ شەهید لە ناوچەی هەورامان، دڵی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، دایە "ئامینە حسەینی"، دایکی شەهیدان "عەزیز و محەممەد سەلیمی" و هەروەها خوشکی شەهیدان "تاهیر، سابیر و مستەفا حسەینی" بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

دایە ئامینە، ژنێکی شۆڕشگێڕ، بە ورە و وەفادار بە ڕێبازی کوڕ و برا شەهیدەکانی بوو و ڕێزێکی تایبەتی لە نێو خەڵکی ناوچەکە و دەوروبەری هەبوو؛ تەرمی ئەو شێرەژنە لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک سپێردرا.

شەهید "عەزیز سەلیمی"، خەڵکی گوندی "نۆسمە"؛ ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و کادری دەرەجە ٤ی حیزب بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٦٨ی هەتاوی لە قسڵانی کوردستانی باشوور بە هۆی تەقینەوەی مین شەهید بوو.

شەهید "محەممەد سەلیمی"، خەڵکی گوندی "نۆسمە"؛ ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات بوو کە لە ڕێکەوتی ١٣ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی لە "پیرپرچن" ئێعدام کرا و گڵکۆی لە قەڵای جوانڕۆیە.

شەهید "سابیرحسەینی" برای دایە ئامینە، ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە گوندی "دەگاسیاو"ی ناوچەی هەورامان لەدایک بووە؛ ناوبراو جێگری هێزی پێشمەرگە لە هێزی هەورامان بووە کە لە ڕێکەوتی ٢١ی خەرمانانی ١٣٦٢ی هەتاوی، لە شوێنێک بە ناوی گوندی "چنارە" شەهید بوو و گڵکۆکەی لە سازانی عێراقە.

شەهید "مستەفا حسەینی"، لە "وارامچە"ی ناوچەی هەورامان لەدایک بووە؛ ناوبراو فەرماندەی دەستەیەک لە پێشمەرگەکان بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی، لە شوێنێک بە ناوی "بندەرە" شەهید بوو و گڵکۆکەی لە "ساتیاری"دایە.

شەهید "تاهیرحسەینی"، لە "وارامچە"ی ناوچەی هەورامان لەدایک بووە؛ ناوبراو ڕێکەتی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ی هەتاوی، لە شوێنێک بە ناوی گوندی "ماسان" شەهید بوو، گڵکۆکەی لە ڕێشاوێی عێراقە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری دایە ئامینە حسەینی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## درێژەی پەیڤ

دژی کۆماری ئیسلامی، باس لە ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری ڕێژیم دەکەن کە بەمانایەک تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامییە، بەڵام دەیانهەوێ بە داخوازییەکی بەرواڵەت ئەمڕۆیی و دێموکراتیک ئەم ڕێژیمە بگۆڕدرێ بۆ ڕێژیمێکی دیکە.

لەم بارەوە چەند شت جێگەی هەڵوەستەکردن و ڕاوەستانی زۆرترە؛ ئەویش ئەوەیە کە گەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمی دژی گەلی و دیکتاتۆرە کە هەیە، ئەی کێ ئەو ڕێفراندۆمە بەڕێوە دەبا کە دروشمی بۆ دەدرێ؟ خۆ پرۆسەی بەڕێوەبردنی گشتپرسی پێویستی بە دەیان هەزار پێرسۆنێل و ماوەیەکی زەمەنی پروپاگەندەی لایەنەکان بۆ بیرو ڕای خۆیان و ... هەیە، ئەو دەسەڵاتە کە ئەو بەستێنە خاوێن و دێموکراتیکە ئامادە بکا بۆ گشتپرسییەکی وەها کە ئاکامەکەشی نەدزرێ و گزەی تێدا نەکا کامە دەسەڵاتە؟

پرسیاری گرنگی دیکە ئەوەیە کە، لە کاتی بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانا نیزامی و ئەمنیەتی و دەزگا داپلۆسێنەرەکانییەوە، کێ تەزمینی ئەمنیەتی دەنگدەران و هەروەها بانگەشەکارانی ڕێژیمێکی نوێ دەکا؟

لەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە، ئایا قەرار وایە کە مێژووی چەواشەکاری و بەتاڵانبردن و خۆڵ لەچاوکردن دووپات ببێتەوە؟ لە هەموو جیهاندا دوای هەر شۆڕشێک، لە سیستمی نوێدا کە جێی ڕێژیمی پێشوو دەگرێتەوە لە پێشدا یاسای بنەڕەتی و چوارچێوەی گشتیی چۆنیەتیی پێکەوە ژیانی خەڵک و گەلانی وڵات دەنووسرێ و ئەو یاسایە دەخرێتە دەنگدانی گشتییەوە نەک وەکوو کۆماری ئیسلامی لە پێشدا گشتپرسییەکی چەواشەکارانەیان کرد کە ئایا کۆماری ئیسلامیتان دەوێ یان نا؟ کەس نەیدەزانی کۆماری ئیسلامی چییە تا بیانهەوێ یان نا و کەسیش ئەو بژاردەیەی بۆ نەخرابووە بەردەست کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی نەوێ چیدی هەیە؟

ئێستاش ئایا قەرار وایە کە دوای نزیک بە چل ساڵ لە تەمەنی نگریسی ڕێژیمی سەرکوتکەر و دڕندەی کۆماری ئیسلامی دووبارە هەمان فێڵبازی پێڕەو بکرێتەوە و باس لە گشتپرسی بۆ ناوی ڕێژیمی داهاتوو بکرێ، بە بێ ئەوەی بزانین کە لە سیستمی داهاتوودا چەندەی دیکە سەرکوت دەکرێین و بەناوی شتی پیرۆزکراوی دیکە بە دەیان و سەدان هەزار کەسی دیکەمان لێ دەکوژن و ئێعدام دەکەن؟

تەنیا ڕێفراندۆمی دێموکراتیک و واقیعی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و نووسینی یاسایەکی بنەڕەتی لەسەر ئەساسی پرەنسیپەکانی دێموکراسی و ژیانی ئازاد و یەکسانی هەموو نەتەوەکانی نێو ئێران دەکرێ، کە لەو گشتپرسییەدا ئەو یاسایە بخرێتە دەنگدانەوە و ببێ بە پەیمانی پێکەوە ژیان، نەک ئامرازی پیرۆزکردنی وەهمەکان و شمشێری کوشتاری خەڵک.

# خەباتی ڕۆژهەڵات بەردەوامە

**گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات.**

**شەهید دوکتوور قاسملوو**



**شەماڵ تەرغیبی**

## بەشی چوارەم و کۆتایی

### خەباتی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ڕاسان)

ڕێکەوتی ۲۸ی ڕەشەممەی ۱۳۹٤ هەتاوی لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆی نەورۆزیدا، بە ئامادەبوونی ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە و ئەندامانی ئاشکرا و ژمارەیەک لە ئەندامانی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستان، بە ئامادەبوونی چەندین تەلەفزیۆنی کوردی و چەندین هەواڵدەری، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات دەسپێکی قۆناخێکی نوێی لە خەباتی خەڵکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند، کە بە "ڕاسان" ناوی دەرکرد.

ئەمە دەسپێکی قۆناخێکی نوێ لە خەباتێک بوو، کە هەرچەند نرخی قورسی بۆ درا و تێیدا چەندین لاوی بەهەست، نیشتمانپەروەر، ئازادیخواز و دێمۆکراسیخواز، گیانی خۆیان بۆ کردە پردەبازی ئازادی، بەڵام لە شوێنی خۆیدا وەک "قەڵەمبازێکی ستراتێژیک"، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە مانا بەتاڵ کردەوە و شڵەژان و دژکردەوەی هیستریکی کۆماری ئیسلامی بەدوای خۆیدا هێنا.

"راسان" وەک جووڵەیەکی سیاسی-نیزامی- کۆمەڵایەتی لە کات و ساتێکدا سەری هەڵێنا، کە ماوەی نیزیک بە دوو دەیە بوو، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی (وەک لە بەشەکانی پێشووتردا باس لە هۆکارەکانی کرا) نەیاندەویست بە خەباتی "چەکداری"، ویستەکانیان بهێننە گۆڕێ و لەڕاستیدا ماوەیەکی کاتی زۆر لەبار بوو بۆ ئەوەیکە دەسەڵاتی ناوەندی، بتوانێ گوێ لە ویست و داواکارییەکانیان بگرێت و بەدوور لە خوێن ڕشتن و شەڕ و توندوتیژی، چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە، بەڵام وەک دەرکەوت نەتەنیا کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبوو لەم ڕاستایەدا هەنگاو هەڵگرێ، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بە کۆمەڵێک سیاسەتی دژەمرۆڤانەی وەک بڵاوکردنەوەی سیستماتیکی مادده سڕکەرەکان و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی و بەلاڕێدابردنی مێژوو و کلتووری کوردەکان، هەوڵی پاکتاوی ڕەگەزی کوردەکانیشی دا.

### بۆچی "ڕاسان"؟

لەباری وشەناسییەوە، لە زمانی کوردیدا "ڕاسان" چەند واتا دەگەیەنێ کە بەم چەشنەن: "بۆچوونی گەورەپیاوان"، "ڕێگە و ڕێبازی گەورەپیاوان"، "ڕاستبوونەوە"، "ڕاستکرداران"، "هێڵی ڕاست و بێ پێچوپەنا"، "دەس بەرزکردنەوە بۆ هەڕەشە"، "چاکبوونەوەی پاش نەخۆشی"، "هەڵسانەوە" یان "دوای کەوتن هەستانەوە سەر پێ".

بەنیسبەت خەباتی نوێی خەباتکارانی کورد کە بە قۆناغی ڕاسان ناسراوە دەتوانین بڵێین مەبەست لە "ڕاسان" تێهەڵکێشێکە لە هەموو ئەم مانایانە؛ بە واتایەکی تر ڕاسان بریتییە لە "هەڵسانەوە و هەستانەوە سەرپێی ڕاستکردارانی کورد، بە کەڵک وەرگرتن لە بۆچوونی گەورەپیاوان و لە ڕێبازی گەورەپیاوان بۆ هەڕەشەکردن و لێدان".

وەک یەکێک لە چاودێرانی سیاسیش دەڵێ: " بێگومان راسان قوناخێکی نوێی خەباتە، کە جیاوازییەکی بناغەیی و گرنگی لەگەڵ قۆناغەکانی رابردوودا هەیە. لەبەر هەمان هۆش هەموو پێکهێنەرەکانی خەباتی رزگاریخوازی لە بەشی سیاسی و نیزامییەوە هەتا بەشی شار و مەدەنی و خەباتی سەرشەقام بەتەواوی پێناسە و ئەرکەکانیان دەگۆڕێت و هاوکاتیش راسان هەوڵ دەدات شوناسێکی نوێ و ئەرکی نوێیان پێبەخشێت."

روونە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هێزی چەکدار و سەرباز، پارێزەری لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییە و بە بێ بوونی هێزی سەربازی، هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت خۆی بپارێزێت؛ بۆیە هەر لێرەیشەوە دەبێت ئەوەمان لە بەرچاو روون بێت، کە پێشمەرگە پارێزەری پێکهاتەی کۆمەڵگایە؛ بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە کاتێك نەتەوەیەك ژێردەستە، ئەوا ئەرکی خەباتی رزگاریخوازی بەتەواوی دەکەوێتە سەرشانی هێزی سەربازی یاخود لە کوردستان تەنیا دەکەوێتە سەرشانی پێشمەرگە.

لە راساندا گۆڕەپانی خەبات ئەوەندە بەرفراوانە، کە دەرفەتی بۆ یەك بە یەکی ئەندامانی کۆمەڵگە رەخساندووە تاکوو بەپێی شوێن و ڕێگەی خۆی هەنگاو بنێت و هیچ جیاوازییەك لە بواری ئەرك و جێبەجێ کردنەوە بوونی نییە، تەنیا ئەوە پێویستە ئەو کردارە لە خزمەتی رزگارکردنی نەتەوەدا بێت.

ڕاسان کە دەکرێ وەک پڕۆژەیەکی فرەتەوەر سەیری بکەین، ڕاستەوخۆ لەگەڵ چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بەرەوڕووە؛ بەهۆی ئەوەیکە ڕاسان خەباتێکی عەقڵانییە، ئاگاداری ئەوەیە کە زۆربەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کەسانێک پێکهاتوون کە لەباری کۆمەڵایەتییەوە لە ناوەندی کۆمەڵگە هەڵکەوتوون و لە بواری شوێندانەرییەوە، دەتوانن ئاراستەی سیاسیی کۆمەڵگە بگۆڕن و لەباری کولتووریی، کۆمەڵایەتی و ئابووریشەوە وەکوو خاڵێکی ناوەندیی کۆمەڵگا، قورسایی ئەم پڕۆژە نوێیەی ڕۆژهەڵات وەئەستۆ دەگرن.

ڕاسان بە دروشمی گرێدانەوەی خەباتی شار و شاخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد؛ ئەوەیکە ڕوونە "بەشداری جەماوەری لە خەباتی شار"، بنەمای سەرەکی ئەو جۆرە خەباتەیە و بنەمای سەرەکی خەباتی شاخیش، "دیپلۆماسی و پێشمەرگەیە".

لە سەر ئەم بنەما فکرییە دەتوانین بڵێین، ڕاسان سێ کووچکەیەکی لەم چەشنەیە: یەکەم: "جەماوەری کوردستان" کە نەتەنیا وەک پێگەی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو وەک چالاکی خەباتکارانە تێیدا بەشدارن، دووهەم: "هێزی پێشمەرگە" کە وەک هەم وەکوو هێزی ڕێکخەر و هەم هێزی چەکداری چالاک بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بەشداری ئەم خەباتە دەبێت و سێهەم: "دەزگای دیپلۆماسی ناوچەیی" لەسەر بناغەی "دوژمنایەتیی هاوبەش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی" بە مەبەستی زیاترکردنی زەخت، بۆ سەر ڕێژیم بە ئامانجی پێملکردنی لە بەرانبەر خواستەکانی خەباتی نەتەوەیی_ دێموکراتیکی کوردستان.

سەبارەت بە کۆڵەکەی یەکەم دەتوانین بڵێین، ئەگەر لە ڕابردوودا خەڵک و جەماوەریی کوردستان وەک "هێزی ڕزگاریدەر" سەیری پێشمەرگەیان دەکرد و چاوەڕوانی ئەوە بوون کە پێشمەرگە بە دانی نرخی قورس، کوردستان ئازاد بکات و خەڵک لە سێبەری حکومەتێکدا کە پێشمەرگە بنیاتی دەنێ بحەسێنەوە، ئەوا لە قۆناخی نوێی خەبات واتە "ڕاسان"، خەڵکیش خۆیان بە بەشێکی جیانەکراوە لە خەبات و شۆڕش دەبینن و پێناسەیان بۆ پێشمەرگە دەگۆڕدرێ، واتە پێشمەرگە لە "هێزێکی ڕزگاریدەر"ەوە دەبێتە "هێزێکی ڕێکخەری خەباتی ڕزگاریخواز"ی هاوتەریب لەگەڵ خەڵکی سەر شەقام.

لەهەمبەر کۆڵەکەی دووهەم یان هەمان هێزی پێشمەرگە ئەوەندە بەسە کە بڵێین ئەرکی نوێی پێشمەرگە لە قۆناخی نوێی خەبات واتە ڕاسان بریتی دەبێت لە ئامادەبوون و حوزوری بەردەوام و چالاک لە نێو دڵی خەڵک و خاکی کوردستان تاکوو وێڕای وەرەدان بە خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیو، گەلی ڕزگاریخواز لە ئاگری سووتێنەری ڕێژیم بپارێزێ.

بەڵام سەبارەت بە کۆڵەکەی سێهەم واتە دەزگای دیپلۆماسی دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەرکەکە تەنیا لە ئەستۆی دەزگای دیپلۆماسی هێز یان حیزبێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو پێویستە هەموو هێزە کوردستانییەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕاسان بە بەشێک لە خۆیان و خۆشیان بە بەشێک لە ڕاسان ببینن؛ بۆچی؟

وڵام دانەوە بەم پرسیارە پێویستی بە درک کردن بە قوڵایی ستراتێژی کوردستانە؛ کۆماری ئیسلامی ستراتێژی دزە کردن لە وڵاتانی ناوچە، لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام و ئایینزای شێعە (کە خۆی لە چوارچێوەی دۆکتۆرینی هەناردەکردنی شۆڕشی خومەینی دەبینێتەوە) دامەزراندووە و ئەوەش وای کردووە کە نەتەنیا ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو هەر چوار پارچەی کوردستان پێوەی بناڵێن. لێرەدا چەند نموونەی بەرچاو دەخەینە ڕوو:

١. ڕوانینی ڕێژیمی تاران بۆ کوردستانی باشوور وەک ناوچەیەکە، کە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتداریەتی شێعە لە بەغدا هەیە، بۆیە بە هەموو چەشنێک و بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو پۆتانسیەل و تواناکان هەوڵ دەدات دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەم پارچەی کوردستان بدات و دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی باشوور لاواز و بێتوانا بکات کە لووتکەی ئەم سیاسەتە تراژێدیای هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووک بوو.

هەر سەبارەت بەم پارچەی کوردستان نابێ ئەو خاڵە گرینگە لە بیر بکەین کە کۆماری ئیسلامی بە لێدانی پتر لە ۵۳ بەنداو لە کوردستان، کە ۹ بەنداوی گەورەی بۆ بەرگرتنی ئاوی ئەو چۆمانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەڕژێنە خاکی باشوور، دەیهەوێت گەمارۆی ئاوی بخاتە سەر باشووری کوردستان؛ لەم ڕاستایەشدا ڕاسان گەورەترین بەربەست لە بەرانبەر سیاسەتە دوژمنکارانەکانی کۆماری ئیسلامیە و ڕۆژهەڵات و باشوور دەکا بە قووڵایی ستراتژیکی یەکدی.

۲. سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان، جیا لە لایەنە ئەمنیەتی و ستراتێژییە ناوچەییەکانی ڕێژیم لە وڵاتی سوریە، ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە لە کۆتاییدا دەسەڵاتی ناوەندی لە سووریە، بوونی کورد وەک دەسەڵاتدارێتی لە ناوچەی کوردستانی ڕۆژئاوا قبوڵ بکات، حوکمڕانی سووریە لە دەسەڵاتدارێتییەکی ناوەندگەراوە دەگۆڕدرێ بۆ دەسەڵاتدارێتییەکی "لامەرکەزی" کە ئەمە بە قازانجی ستراتێژی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست نییە، بۆیە زۆر سرووشتییە کە دەستێوەردانی تەواو بکات لە نێو هێزە کوردستانییەکانی ئەم بەشە و هەوڵدان بۆ خۆسەپاندنی بەسەر وڵاتی سوریە.

بەگشتی لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیدا پرسی کورد، پرسێکی تەواو ئەمنیەتییە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری و باندۆڕ لەسەر تەناهی نێوخۆیی رژیمی ئێران دادەنێت؛ کەواتە هەموو هەوڵێکی خۆی چڕ دەکاتەوە تاکوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان بە ئاکام نەگات.

لە سەر ئەم بنەماش دەردەکەوێ کە بوونی هێزێکی کوردی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ببێتە هاوپەیمانێکی گرینگی هێزە ناوچەییەکان، کە پێشگیری لە دەستێوەردان و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکات؛ بەواتایەکی دیکە وەها هێزێک دەتوانێ ئاراستەی دژایەتییەکان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، بە قازانجی کوردستان بشکێنێتەوە؛ لێرەدایە کە کۆڵەکەی سێهەم گرینگی خۆی دەردەخات.

### دواوتە

سەبارەت بە لایەن و تەوەرە جۆربەجۆرەکانی خەبات لە چوارچێوەی ستراتێژی گرێدانی خەباتی شاخ و شار دەکرێ زۆر وتاری شیکارییانە بنووسرێت و ڕاڤە بکرێت کە لە توانای نووسەری ئەم دێڕانە بەدەرە، بۆیە لێرەدا بە چەند ڕستەیەک کۆتایی بەم وتارە دەهێنم؛ "ڕاسان" بەمانای کۆتایی هێنان یان نکۆڵی کردن لە خەباتی ڕابردوو و دەسپێکی قۆناخێکی بەتەواو دابڕاو کە رابردوو و جیاواز نییە بەڵکوو ڕاسان دەتوانێ بەردەوامی خەباتی ڕابردووی ڕۆژهەڵات بێت یان بە واتایەکی تر ستراتژی گرێدانی خەباتی شار و شاخ، گرێدانی ڕابردوو و داهاتووە؛ ڕابردوو هێمای شاخە و ئێستا دەنگی دەبیسرێ و داهاتووش هێنانە دی پرۆسەیەکە و ماناکانی شار دەبنە پاڵنەر و هەوێنەکەی.

لە مانایەکی تردا دەتوانین بڵێین سەرکەوتنی ڕاسان سەرکەوتنی کوردستانە، چوونکە لەو کاتەدا ئیتر هیچ لایەنێکی سیاسی بەتەنیا ناتوانی خۆی بە خاوەنی دەسکەوتەکانی شۆڕش یان سەرکەوتنەکە لەقەڵەم بدات و ئەگەر شار و شاخ پێکەوە لە نەرخ و قوربانیداندا بەشدار بن، ئەوا هەمووان خاوەنی سەرکەوتنەکەن؛ لەلایەکی دیکەشەوە بە دابەش کردنی ئەرکەکان لە نێوان "شار" وەک ناوەندی ڕاسان و "شاخ" وەک لانکەی خەباتی ڕاسان دەکرێ چاوەڕوانی یەکانگیرییەک بین کە گەیشتن بە ئامانج نیزیکتر دەکاتەوە.

لە کۆتاییدا ئەوەندە بەسە کە بڵێین، ئەوەیکە ڕوونە و لە نموونە مێژووییەکانیشدا خۆیان دەردەخەن، ئەو ڕاستییەیە کە خەباتی گەلی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری، پێویستی بە هێزی کاریگەر هەیە؛ بەتایبەت لەم بڕگە زەمەنییە هەستیارەدا کە ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات پێیدا تێدەپەڕێ؛ ئەم هێزە شوێندانەرەش کە بتوانێ لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا باندۆڕی هەبێ و ڕەسالەتی مێژوویی ڕاسان بگەیەنێتە ئەنجام، بریتییە لە هێزێکی لێبڕاوی شۆڕشگێڕی پێشمەرگانە و ڕێکخستنێکی تۆکمە لە نێو شار ،کە ئامادە بن لەپێناو بایەخ و نۆڕمە شۆڕشگێڕییەکاندا نرخ بدەن.

# زۆڵم و زۆریی ڕێژیم تا سەر وڵامدەر نابێت



**نەوید کەرەمی**

٣٩ ساڵ بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی تێپەڕی؛ شۆڕشێک کە بڕیار بوو نەتەنیا خانوو بەلکوو ئاو و بەرق و تەنانەت ئۆتۆبووسەکانی نێو شاریش، بە خۆڕایی بۆ خەڵک دابین بکات، بەڵام ئێستا بەپێی ئامارە فەرمییەکانی خودی ڕێژیم، ١٢ میلیۆن کەس لە ژێر هێڵی هەژاریدان، کرێکاران بە چەندین مانگ مووچەیان پێ نادرێت، هەر ساڵ نزیک بە ١٤ هەزار کەس تەنیا بۆ دابین کردنی نانی سەر سفرەیان ناچارن کە گورچیلە و ئەندامانی لەشیان بفرۆشن، ٧ میلیون گەنج لە شەقامەکان بەدوای کار دەگەڕێن و نزیک بە ٦ میلیۆن کەسیش لەو وڵاتە تووشی نەخۆشی خەمۆکی هاتوون و بە میلیۆنان کەسیش، کەوتوونەتە داوی ماددە هۆشبەرەکانەوە و مۆعتاد بوون.

٣٩ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی کە خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی وتی: "ژنان لەهەمبەر ژیانی خۆیان و چۆنیەتی پۆشینی جل و بەرگ و هەروەها بە نسبەت چالاکییەکانیان ئازاد و سەربەستن"؛ بەڵام لە کردەوەدا دەبینین کە ٣٩ ساڵە هەر ئەو ژنانەی بڕیار بوو لەهەمبەر ژیان و چۆنیەتی پۆشینی جل و بەرگیان، ئازاد بن ناچارن لە کاتی چوونەدەرەوە لە ماڵ، خۆیان داپۆشن و ڕوسەری و چارشێو بەسەر خۆیاندا بکێشن.

بەپێی یاسا داسەپاوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ژنان و کچانی سەرەوو تەمەن ٩ ساڵ، ناچارن تا چارشێو بکەنە سەریان، ئەگینا بەرەوڕووی سزا و زیندان یان جەریمەی نەقدی دەبنەوە، یاسایەک کە بەپێی دوایین ڕاپرسییەکانی خودی ئەو ڕێژیمە، نزیک بە ٨٠ لە سەدی خەڵکی ئێران لەگەڵی نین و ئەو یاسایە بە پێشێل کردنی ڕاستەوخۆی مافەکانی ژنان و بە بێڕێزی بە خۆیانی دەزانن.

٣٩ ساڵ پاش دروست بوونی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەپێی دوایین ڕاپرسی لە ڕۆژەکانی ١٥ تا ٢٥ی بەفرانباری ئەمساڵ کە لە لایەن ناوەندی هەڵسەنگاندنی فیکری خوێندکارانی ئێران (ایسپا)، بەڕێوە چوو، ٧٥ لە سەدی بەشداربووان لە بارودۆخی ژیان لە ئێران و شێوازی حوکمڕانی ڕێژیم ناڕازین.

ئاکامی ئەو ڕاپرسییە دەرخەری ڕاستییەکانی کۆمەڵگای ئێرانە کە تەنانەت سەرانی ڕێژیمیش ناتوانن حاشایان لێ بکەن، بەڵام تەنیا ڕێگەچارەیەک کە دەیزانن هەڕەشە، گرتن، کوشتن و بێدەنگ کردنی خەڵکی ناڕازیە.

لەم بارودۆخەدا، ڕژانە سەرشەقامی خەڵکی ناڕازی لە زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران و دەربڕینی ڕق و بێزاری خۆیان لەهەمبەر بارودۆخی خراپی ژیان و دروشم دان دژ بە سیاسەتەکانی ڕێژیم و تەنانەت کردنە ئامانجی تەواوەتی ڕێژیم، بە وتنەوەی دروشمەکانی "مرگ بر خامنەای"، "مرگ بر روحانی"، "خامنەای حیا کن، مملکتو رها کن"، "سوریه رو رها کن فکری بحال ما کن" و ...، هەروەها ئاگردانی ئاڵا و وێنە و پیرۆزییەکانی ڕێژیم، ئەو تاپۆ ترسناکەی شکاند کە ڕێژیم بۆ بێدەنگ کردنی خەڵکی ئێران لە خۆی دروستی کردبوو.

هاتنە سەر هێڵ و پشتگیری زۆرێک لە وڵاتانی بیانی وەک ئامریکا، ئیسرائیل، فەڕانسە و تەنانەت یەکیەتیی ئۆرووپا بۆ شۆڕشی خەڵکی ئێران، لە پێناو بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر و دابین کردنی دیمۆکراسی لە وڵاتەکەیان، بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی ترساند و فەرماندەرانی سپای تیرۆریستی پاسداران، بەرپرسانی بەناو دەزگای دادوەری و تەنانەت سەرکۆمار و ڕێبەری ڕێژیم، لە باتی گوێ گرتن بە داخوازی خەڵک و هەوڵدانیان بۆ چارەسەری گرفتەکان، هەموو ناڕازیانیان بە بەکرێگیراو و بەستراوە بە ئامریکا، ئیسرائیل و دژبەرانی خۆیان پێناسە کرد، بەو شێوە دەستی جەلادانی ئیتلاعات و سپای پاسدارانیان ئاوەڵا هێشتەوە بۆ گرتن و کوشتنی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و بێدەرەتانی ئێران.

لە ئاکامی ئەو ناڕەزایەتییانە، تا ئێستا بەپێی دانپێدانانەکانی خودی ڕێژیم و ئامارە فەرمییەکان، زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس دەسبەسەر و ٢٥ کەس لە کاتی ناڕەزایەتی دەربڕینەکان کوژراون و ٦ کەسیش لە گیراوان بەشێوەی گوماناوی لە نێو زیندانەکانی ڕێژیمدا گیانیان لەدەست داوە، بەڵام ئاماری کوژرانی ناڕەزایەتییەکانی ئەهواز و خوزستان کە پاش چەندین ڕۆژ تەرمەکانیان لە چۆمی کارون دەردەهێنانەوە و تەنانەت ئەو بنەماڵانەی کە بەهۆی هەڕەشەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە نسبەت بێسەروشوێن بوون و کوژرانی ڕۆڵەکانیان بێدەنگن، هێشتا ڕوون و ئاشکرا نییە.

لە لایەکی دیکە و لە ڕۆژی دەسپێکی شۆڕشی کچان و ژنانی شەقامی ئینقلاب (٩ی ڕێبەندان) تا ڕێکەوتی ١٢ی ڕێبەندان، هێزە ئەمنییەتی و بەرپرسانی دادوەری ڕێژیمی ئێران، دەستیان دایە هەڕەشە و گرتنی ئەو کچانە و ٢٩ کەسیان لەو پێوەندییەدا دەسبەسەر کرد و بە زیندان و پارەی نەقدی سزایان دان.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و زۆرێک لە وڵاتانی بیانی، بەردەوام ڕەخنەیان لە یاسا زۆرەملێیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک یاسای خۆداپۆشینی زۆرەملێی ژنان، هەبووە.

چالاکی ئەو کچ و ژنە ئێرانییانەی کە بە کچانی شەقامی ئینقلاب ناوبانگی دەرکرد، زۆر بە خێرایی بڵاو بوویەوە و لە ناوخۆی ئێران و هەروەها دەرەوەی وڵات پشتگیری لێ کرا؛ بەردەوام بوونی کچان و ژنانی ئێران لەسەر ئەو شێوە ناڕەزایەتی دەربڕینانە و پەیوەست بوونی ڕۆژانەی کچان و ژنانی ئێرانی بەو هەشتەگە، بەرپرسانی ڕێژیمی ناچار کرد بێدەنگیان بشکێنن و دەستیان دایە هەڕەشە و گوڕەشە و بە ئاشکرا، ترسی خۆیان بە نسبەت درێژەکێشانی ئەو ناڕەزایەتییانە دەربڕی.

لەمبارەوە عەلی موتەهەری، جێگری سەرۆکی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی، بەمەبەستی بێبایەخ نیشاندانی ئەو ناڕەزایەتییانە و کۆتایی هێنانی ژنان لەو شێوە ناڕەزایەتییانە، وتوویەتی: "لە ئێراندا خۆداپۆشین ئەسڵەن ئیجبار نییە و ئەوەیکە چەند ژن ڕووسەرییەکانیان لابەرن شتێکی گرینگ نییە، لە ڕاستیدا کێشەی ئێمە خۆداپۆشین نییە و ئێمەش هیچ مەیلێکمان بۆ گیردان بەو کارە نییە".

بەڵام لە ئاخاوتنیکی جیاوازدا، دۆزگەری گشتیی تاران، عەباس جافری دەوڵەتئاوایی، وتوویەتی: "کردەوەی کچانی شەقامی ئینقلاب گوناح و دژی شەرع و یاسایە و دەبێ بەرخوردی لەگەڵدا بکرێت".

نووسینگەی سەرکۆماری ڕێژیمیش، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوە کردووە کە لە سێ ساڵی ڕابردووەوە لانیکەم نیوەی خەڵکی ئێران، دژی یاسای خۆداپۆشینی زۆرەملێن و ئەو یاسایە بە پێشێل کردنی مافی ژنان دەزانن.

چاودێرانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن کە بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاگەیەندراوە لەلایەن دەفتەری سەرکۆماری حەسەنی روحانییەوە، دەتوانێ لە لایەک دەرخەری ترسی ڕێژیم بێت لە لێکەوتەکانی درێژەکێشانی ئەو ناڕەزایەتییانە و لە لایەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکە بۆ کۆنترۆڵ کردنی توندڕەوی و هەڵسوکەوتە نابەجێیەکانی سپای پاسداران و هێزی بەناو یاسادانان و دادوەری ڕێژیم.

ئەوەیکە ئاشکرایە، ئەگەرچی ڕێژیمی ئێران بە گرتن و کوشتنی خەڵکی ناڕازی، وادەنوێنێ توانیویەتی ناڕەزایەتییەکان سەرکوت بکات، بەڵام لە ڕاستیدا ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵک دژ بەو ڕێژیمە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و ڕێکخستنێکی ڕاستەقینە لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بەمەبەستی بەئامانج گەیاندنی ئەو شۆڕشە دەستی پێکردووە و ئەو ناڕەزایەتییانە ماوە بە ماوە و هەر جار لە شکڵ و فۆرم و سیمایەکی نوێدا دێنە مەیدان و تا کۆتایی هێنان بە دەسەڵات و ڕوخاندنی کۆشکی دیکتاتۆری وەلی فەقیە بەردەوام دەبن.

# بەریەککەوتنەکە دەستی پێکردووە



**کەیوان دروودی**

مێژووی مرۆڤایەتی، تەژییە لە کارلێککەری شارستانییەتەکان، لە بنەڕەتدا ژیاری کۆن، لە ئاکامی گۆڕانکارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا شێوەی گرتووە؛ نموونەی ئەمەش لە زۆر بیاڤی ژیانی مرۆڤ وەکوو پیشەسازی، گواستنەوە و گەیاندن و بەتایبەت لە شوێنەوارە مێعمارییەکاندا ئێستەش دیار و بەرچاون. بە دیوێکی تردا مرۆڤ لەو کاتەی یەکەم ژیارەکانی پێکهێنا بەردەوام خۆی لە چوارچێوەی کۆمەڵێک دینامیزمی فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بینیوەتەوە و ژیانی هەر گەلێک لەسەر ئەویتر شوێندانەر بووە و بە پێچەوانەشەوە کارلێکراو بووە.

واتە ئێمە بوونەوەرێکین کە گۆڕانکارییەکان دەورەیان داوین و بە بێ تەعامول و سازان، نەک هەر ناتوانین ژیانێکی پێشکەوتووانە و نۆرماڵمان هەبێ، بەڵکوو بەرەو پووکانەوەیەکی خۆکرد دەچین. ئەم قسەیە لە تاکەوە هەتا ئاستی کۆمەڵگە و حاکمییەت وەڕاست دەگەڕێ، بەتایبەت ئەگەر سەرنجی گۆڕانی خێرای دونیای دەوروپشتمان لە ژیاری ئەم سەردەمەدا بدەین. ئەگەر سەیری دوایین دیاردەکانی ناو کۆمەڵگە لە ئێراندا بکەین، بە ڕوونی ئەوە هەست پێدەکەین کە جۆرێک لێکدژی و ناهاوتەریبی لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا هاتووەتە ئاراوە، نموونەی بەرهەستیش سەرهەڵدانی ئەم دواییانە بوو کە بە تەواوەتی لە دروشم، ناوەڕۆک و چییەتیدا لەتەک ئایدیاکانی دەسەڵاتدا نایەتەوە و دژیشی ڕادەوەستێ. ئەمە لێکەوتەی هەمان دینامیزم، گۆڕان و ڕسکانەیە کە لە سەرەتاوە باس کرا، بەڵام ئاخۆ قورسایی ئەم کێبەرکێیە بەرەو لای کێ دەشکێتەوە؟ شیمانەکان چین و دەشێت، لەمەوبەدوا دیواری هیوامان لەسەر ئەم جووڵەگەلە هەڵبچنین؟ وڵام بەپێی تێڕوانینێک کە لە سەرەتا باسمان کرد بەڵێیە، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕان لە کۆمەڵگەی مرۆییدا ئاکامێکی جەبرییە. جا لەبەر ئەوەش کە بنەماکانی دەسەڵات کۆنەگەرییە، ئەم دوو ئاراستە پێچەوانەیە هەربۆیە بەدڵنیاییەوە، بەریەککەوتنەکە ڕیفۆرم هەڵناگرێ، هەر وەک ئەزموونی ساڵانی مەیدانداریی ڕیفۆرمخوازان، ئەو ڕاستییەی بۆ ئاپۆڕای خەڵک سەلماند. نموونەی کۆنکرێت لەم دواییە بۆ ئەم لێکدانەوە، پاشەکشەی ڕوحانی بوو لە بەرامبەر ئەو بەڵێنانەی کە بۆ کرانەوەی دەرگاکان بە ڕووی دەرەوەدا دابووی. هەروەک بینیمان لە پرسی داخستن و فیلترینگی تێلێگرام وەک بەکارهاتووترین تۆڕی کۆمەڵایەتی، ڕوحانی لە بەرامبەر میکانیزمی دیاریکراوی سەرەوەی، پاشەکشەی کرد. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە بەکارهێنانی ئینتێرنێت بووەتە بەشێک لە کارتێکەریی کات و پەرەسەندنی پەیوەندیی نێودەوڵەتی لە سەر خەڵک و ئەمە ئیتر نە بە ڕێژیم دەسڕدرێتەوە و نە دەکرێ بە خۆگونجاندن بیتوێنێتەوە.

کەوایە ناچارە قەبووڵی بکات، ئاکامەکەشی ڕاگۆڕینەوە و چاوکراوەیی زیاتر و هەروەها خۆڕێکخستنە لە ئاستی بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا بۆ بەرەوڕووبوونەوەی حاکمییەت؛ تا دوو دەیە لەمەوپێش ئاپۆڕای خەڵک لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر لە هۆکاری هەڵگیرسان، ئامانج و لێکەوتەی سیاسەتی شەڕخوازانەی ڕێژیم لە دەرەوە بە شێوەی پێویست ئاگادار نەبوون، بەڵام ئەمڕۆ هەر تاکێکی ناو جوغرافیای ناسراو بە ئێران، لەوە تێگەیشتووە کە بوونی هێزێکی شەڕئەنگێز بەمەودای چەندسەد کیلۆمێتری لە بنەڕەتدا نە پێویستە لە ڕووی تەناهی و ئەمنی و نە هاوتەریبە لەتەک بەرژەوەندیی گشتیدا، هەر بۆیەش ئیتر چارەسەریی قەیران لە ڕێگەی خولقاندنی قەیران کە ڕێژیمی حاکم بەتەواوەتی لێی شارەزایە بەلایانەوە پاساوهەڵگر نییە.

ئەمڕۆ نەوەی نوێ بەوردی بەها گەردوونییەکانی بەلاوە گرینگە و لانیکەم لای خۆیەوە لە بەها جاڕدراوەکانی حاکمییەت بەگرینگتریان دەزانێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە دەزانێ ئەم بنەماگەلە تەنیا بۆ پەرەپێدانی ئۆتۆریتەی دەسەڵاتە نە وەک بۆ ئیدارەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جێخستنی کۆمەڵگەیەکی تەندروستی مرۆیی، جیا لەمانەش لەڕووی دەرەکییەوە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕێژیم لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە ڕەوتێکی ئیزۆلاسیۆنی تێپەڕاندووە، کە کۆتاییەکەی بە کوشتنی خەڵکی ڕاپەڕیوی گەلانی دراوسێ کۆتایی پێهاتووە.

ڕێژیمێک کە ناوەندی ئورووپا، ببووە مەیدانی تاودانی بۆ تێرۆر و وەدەستخستنی ڕەوایەتیی بازرگانتەوەر، ئەمڕۆ لە ناوچەکەی خۆیدا تاقەدۆستی حیزبوڵای لوبنانە و بازنەی پەیوەندییەکانی ڕۆژلەدوای ڕۆژ بەرتەسکتر دەبێتەوە؛ کە وایە دینامیزمەکانی دەرەنجامی تێپەڕبوونی کات، ڕێک ئەو جەبرە مێژووییەیە کە کۆماری ئیسلامی دەبێ پێیدا تێپەڕێ و خشت بە خشتی شوورەی کۆشکی بەدەستی خۆی دابڕمێنێت. ئەو شوورەیەی کە لە کۆتاییدا دەبێتە زیندانێکی تۆقێنەر و بەندکراوانی کە گەلانی ژێردەستەی زیندانبانن، هەڵدەستن بە ڕووخاندنی، ئەمە سیکلێکی بەردەوامە لە مێژوو و ڕێژیمیش هەر دەبێ بیپێوێ.

جا بۆیە شیمانەی ئەوەیکە ڕێژیم بتوانێ بە تووندەگەرایی و فێڵ، خەڵک بەلاڕێدا ببات زۆر کەمە؛ گەورەترین کارت بۆ ئەم مەبەستە تا ئێستە پرۆژەی ڕیفۆرمخوازی بووە کە لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا بەتەواوەتی بێبایەخ کرا؛ هەروەها کارتی ئەگەری شەڕ و سێبەری شەڕی دوای دەرکەوتنی دەستێوەردانە سەرەڕۆیانەکانی لە ناوچە بە تەواوەتی سووتاوە، بۆیەش تەنیا دووڕیانێک لە بەردەمیدا ماوە ئەویش پاشەکشەیە لە بەرامبەر زریانی هاوارە کەڵەکەکراوەکانی خەڵک کە بەپێی ناسیاریمان لە سیستەمی ڕێژیم، لەوە ناچێت بۆی بلوێ ئەو بژاردەیە هەڵبژێرێ، ڕێگەکەی تریش بەردەوام بوونیەتی لە سەرکوت و کپ کردن، کە ئەمەش لە کۆتاییدا هاوشێوەی هەموو ڕێژیمە سەرەڕۆیەکان، مەرگ و نەمانە ئەگەرچی بە فرمێسک و خوێنی خەڵکی بەزاڵەهاتوو کۆتایی پێ بێت.

# پیسبوونی کەشوهەوا لە ناوچەی ئەحوازی ئێران مەرگهێنەرە




ن: ڕەحیم حەمید

و: ڕەزا فەتحوڵانژاد

حەوتووی رابردوو، رەشەبای بەهێزی خۆڵ و لم بۆ جارێکی تریش ناوچەی ئەحوازی ئێرانی داپۆشی و خەڵکی تووشی تەنگەنەفەسی کرد، هاوکات ئاستی خۆڵبارینەکە، ٥٧ قات لەو ئاستە ستانداردەی رێکخراوی جیهانیی تەندروستی وەکوو سەقفی تەندروستی خوڵ لە کەشوهەوا دیاری کردووە، زیاتر بوو. لە کۆتایی ژانویەدا بوو کە هەواڵەکان باسیان لە قەرەباڵغی نێو نەخۆشخانەکانی ناوچە بەگشتی و عەرەبەکان بەتایبەتی دەکرد . ئەو ناوچانەی کە بە شێوەیەکی هیوابراو هەژارن ئەگەرچی پتر لە ٩٥ لەسەدی ئەو رادە نەوت و گازەی ئێران بانگەشەی هەبوونی دەکات، دابین دەکەن . و دەردی خەڵکەکە کێشەی هەناسەکێشان بوو. لە نێوان ٢١ بۆ ٢٥ی ژانویەدا، سێ کەس بە هۆی نەخۆشیی جۆراوجۆریی هەناسەکێشانەوە گیانیان لەدەستداوە.

ناوچەکە بە مژێکی ئەستووری لم، داپۆشرابوو و بەرچاوڕوونی تا ٢٠٠ مەتر دابەزیبوو؛ دەوڵەت هەموو فڕینەکانی لە فڕۆکەخانەکانی ناوچەکە و بەپێچەوانەی راگرت و هەروەها قوتابخانەکان، بەڕێوەبەرایەتییەکان و بانکەکانی لە سەرانسەری ئەم پارێزگایە کە زەمانێک سڵامەت و خۆش بوو، داخست.

لە ٢٠١٣، شاری ئەحواز، پێتەختی ناوچەکە رێکوردی پیسترین شاری لە رووی کەشوهەواییەوە لە لیستی دامەزراوەی تەندروستیی جیهانیدا شکاند. بەپێی راپۆرتەکە، پلەی پاکوخاوێنی کەشوهەوای ئەحواز بە شێوەی نێونجی ٣٧٢ بوو ـ نێونجی جیهانییەکەی ٧١ە ـ یانی "مەترسیدار" بوو. ئەحواز تەنیا شارێکی نێو لیستەکە بوو، کە نێونجییەکەی لە سەرووی ٣٠٠ەوە بوو. بەپێی راپۆرتی دامەزراوەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان (UNPO) لەسەر بارودۆخی ئەو کاتە، "هۆکارەکانی ئەو دۆخە بریتین لە: بە سەحراکردن بە هۆی شاخەشاخەکردنی رووبارەکانەوە، دەرکێشانی ئاوی قەناتەکان، هەڵکێشانی نەوت و مەوادی پێترۆکیمیایی، دەرهێنانی مەوادی ئاسنی و کارخانەکانی شەکر و کاغەزسازی لە نێو و لە دەوروبەری ئەحوازدا".

پتر لە چوار ساڵ، لەو کاتە تێپەڕیوە و بارودۆخەکە وەک خۆی ماوەتەوە و ئەو گرووپەی کە زۆرترین خەساری وێکەوتووە، خەڵکی خۆجێیی عەرەبی ئەحوازن کە ساڵانێکی زۆرە لە لایەن دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانەوە لەژێر هەڵاواردندان.

هۆکاری ئەو رادە زۆرەی پیسی کەشوهەوا، بۆ خێراتربوونی رەوتی بە سەحرابوونی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، ئەویش بۆ وشکبوونی خێرای چۆم و قەناتەکان دەگەڕێتەوە کە ریشەی لە نێو رەوتی بەربڵاوی لەنێوبردنی رووبارەکان و پڕۆژەی بەلاڕێدابردنی رووبارەکان دەگەڕێتەوە، پڕۆژەیەک کە لە کاتی بوونی هاشمی رەفسەنجانی بە سەرکۆمار لە ١٩٨٩ دەستی پێکرد. بەهۆی پڕۆژەکەوە، میلیۆنان گالۆن ئاوی ناوچەکە بردراوە بۆ بەشەکانی تری ئێران و رادەی پیسی کەشوهەوای زیاتر و مەترسیدارتر کردووە. رەشەبای خۆڵ و لم لە لایەکەوە، تێکەڵ بەو هەورە بەردەوامە پیس و چڕانە دەبێت کە بەهۆی کارخانە و دەرهێنانی پێترۆشیمیایی ئاوێتەی کەشوهەواکەن . هیچکام لەو کارخانانە نە چاودێری دەکرێن و نە یاسا و رێسای پێویستیان بۆ دانراون ـ و لەلایەکی تریشەوە تێکەڵاوی ئەو هەوا پیسەی بەرهەمهاتووی سووتانی نەیشەکەر دەبێت.

قوتابییەکی ئەحوازی قۆناغی دواناوەندی، کە بەهۆی ترس لە تەمبێکردنی لە لایەن رێژیمی ئێرانەوە نەیویست ناوی ئاشکرا بێت، بە "گلۆباڵ ڤۆیسێس"ی گوت: "سووتاندنی نەیشەکەر پێشتر لە رۆژدا دەکرا، بەڵام پاش ئەوەی خەڵکی خۆجێیی نارەزایەتییان دەربڕی و دروشمیان دا "ئێمە رەنگە بتوانین ئاوی خواردنەوە بکڕین، بەڵام ناتوانین هەوای خاوێن بکڕین!"، دەستیان کرد بە سووتاندنی لە شەودا. ئەم بەیانییە، عەرزی قوتابخانەکە چەندین سانتیمەتر خۆڵەمێشی ئەو سوتاندنانەی لەسەر کۆ ببووەوە؛ من بۆ خۆم نەخۆشی ئاسمم هەیە و ئەوەش بارودۆخەکەمی خراپتر کردووە".

## نەیشەکەر لە ناوچەی ئەحواز

نەیشەکەر بەرهەمێکی خۆجێیی ئێران نییە، بەڵکوو لە ١٩٦٠ەکانەوەیە کە لە ئێراندا دەکێڵدرێ. لە کاتی سەرکۆماریی رەفسەنجانیدا، دەوڵەت بە شێوەیەکی سەربەگێچەڵانە (ماجراجویانە) دەستی کرد بە پڕۆژەی کێڵگەی نەیشەکەر بە پاڵپشتی سوبسیدی دەوڵەتی؛ پرۆژەیەک کە بوو بە هۆی داگیرکردنی هەزاران هێکتار زەوی وەرزێڕانی ئەحوازی کە باب‌وباپیرانیان بۆ نەوە لە دوای نەوە لەو زەوییانەدا کشتوکاڵیان تێدا کردبوو؛ هەزاران بنەماڵە لە کاتێکدا زەوییەکانیان کرانە شوێنی کێڵانی نەیشەکەر، خرانە بارودۆخی هەژاری رەهاوە. ئەم هەوڵانە سوودێکی کەمیان بەدواوە بوو: پڕۆژەی مەزرای نەیشەکەر دەرکەوت لە باری ئابوورییەوە کارەساتهێنەرە، لەوێڕا کە شەکر بە هەرزانتر لە نرخی بەرهەمی لۆکاڵی هاوردە دەکرا. دیارە گەورەترین نیگەرانی پەیوەندی بە پیسبوونی بەربڵاوی هەوا و تێکچوونی ژینگەییەوە لەسەر ژینگەیەکە، کە سەردەمانێک بە پڕبەرهەمترین شوێنی ناوچەی کەنداو دەناسرا. لە ناوچەی ئەحواز، لە شارگەلێک وەک "فەلاحییە"، موحەممەرە" و "ئابادان"، کێڵگەی بەربڵاوی داری خورما کە سەردەمانێک بەرهەمەکەی لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەناوبانگ بوو، بەئەنقەست لە نێو براون یان تا رادەی وشکبوون بەرەڵا کراون. هەروەها گژوگیا و ئاژەڵە خۆجێییەکانی ناوچە لە مەترسیی جیددی لەنێوچووندان، لەوێڕا کە تالاوەکانی "فەلاحییە" و "هورولعەزیم" تا رادەیەک بە تەواوی لەنێوچوون.

پالاوگەکەکانی شەکەر، بۆ پرۆسە زۆر ئاوهەڵگرەکانیان لە ئاوی ئەو رووبارانەی کە هەر ئێستایش کەمن، کەم دەکەنەوە و بە هۆی ڕشتنی ئەو ماددە کیمیاییانەی لە پرۆسەی خاوێنکردنەوەی شەکەر و پاڵاوتنیان بەکاریان دەهێنن لە نێو رووبارەکان، بەرادەی پیسبوونی ئەو رووبار و جۆگەلانەی بەجێماون، زیاد دەکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، ئاوە بەجێماوەکە بێکەڵک و پڕخوێ بێت و لە ئاکامدا زەوییە کشتوکاڵییەکانی دانەوێڵە، کە هی وەرزێڕە ئەحوازییە هەژارەکانی ناوچەکەیە لەنێو بچن.

هەروەها کێشەی سووتاندنی نەیشەکەرەکان پێش لە خەرمانهەڵگرتنی مانگەکانی مای و نوامبر، لە کێڵگەکانی دەوروبەری پێتەخت و شارەکانی دیکەی خوزستان دێتە ئاراوە. دووکەڵی سووتاندنی نەیشەکەرەکان بەهۆی ماددەی خەستی شەکری و ئەلکۆلییەوە زۆر خەست و قورسە، بە جۆرێک کە لە جیاتی ئەوەی بەرەو سەرەوە بڕوات، بە سەرانسەری زەوییەکەدا بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە هۆی نەخۆشی توند و هەندێکجار مەرگهێنەری تەنگەنەفەسی و پێستی لە نێو خەڵکەکە.

## ژمارەی زۆری قوربانییان

لە کۆتایی ژانویەدا، لانیکەم سێ عەرەبی ئەحوازی بە کێشەی تەنگەنەفەسی بە هۆی پیسبوونی لەرادەبەدەری کەشوهەواوە گیان لەدەست دا. یەکێکیان، کەریم عەبدولخانی، ٤٣ ساڵە و خەڵکی شاری سوسا بوو کە پێشتر بە دەست ئاسمی دەرەجە یەکەوە دەیناڵاند. لە رۆژی ٢١ی ژانویەدا، ناوبراویان لە حاڵێکدا کە هاواری دەکرد کە گێژە و بە سەختی هەناسەی دەکێشا (هۆکارەکەی پیسبوونی لەرادەبەدەر کەشوهەوا بوو) بۆ نەخۆشخانەی "مافی"ی ئەو شارە بەپەلە گواستەوە و بۆ رۆژی دوایی گیانی دا.

کەسی دووهەم ناوی حەمید حەمدیان، ٤٧ ساڵە و خەڵکی گوندی "مولاسانی"ی نزیک شاری ئەحواز بوو؛ ناوبراو جار جار بەدەست نەخۆشی تەنگەنەفەسییەوە ناڵاندبووی، حەمید پاش ئەوەی لەناکاو تووشی کێشەی تەنگەنەفەسی توند دەبێت، دەمرێت.

کەسی سێهەم ناوی ئەحمەد چێنانی، ٣٤ ساڵە و خەڵکی "حەمیدیە" لە ٣٠ کیلومەتری رۆژئاوای شاری ئەحوازە؛ ناوبراو لە شەوی ٢٥ی ژانویە بەهۆی کێشەی توندی تەنگەنەفەسی و خنکان بەهۆی ئەو کەشوهەوا پیسەی کە ناوچەکەی داگیر کردبوو، گیانی دا. بنەماڵەی ناوبراو کە بەپەلە خۆیان گەیاندبووە نەخۆشخانەی "گوڵستان" لە شاری ئەحواز دەڵێن نەبوونی کەرەستەی پێویستی پزیشکی و کەمتەرخەمی ستافی نەخۆشخانەکە لە مردنی ناوبراودا کاریگەرییان هەبووە.

رادەی نەخۆشی شێرپەنجە لە ناوچەکە لە حاڵی زۆربوونە؛ یەکێک لە کارمەندانی نەخۆشخانەیەکی ئەحواز، کە ئەویش وەک زۆربەی ئەوانەی وتووێژیان لەگەڵ دەکرێ، خوازراوی ناونەهێنانی بووە، وتی دە ساڵ لەمەوبەر نەخۆشخانەکەیان ٤٠ تەختی هەبووە، کە زۆربەی کات بەتاڵ بوون، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، نەخۆشخانەکە پڕ بووە لە نەخۆشی شێرپەنجە.

هەموو ئەمانە نرخێکی زۆریان بۆ دەدرێت، بەتایبەت لە لایەن خەڵکی خۆجێیی عەرەبی ئەحوازییەوە کە ئێستایشی لەگەڵدا بێت لە پیشەسازییەکانی نەوت و نەیشەکەردا کە ناوچەکەیانی لەنێو بردووە، جگە لە پیشەی دەستی کاری تریان پێنادەن، لە کاتێکدا فارسەکان لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانەوە دەهێنرێن و جگە لە حەقدەستی زۆر، خانووی مۆدێرن و تایبەتییان لە شارۆچکە جیاکاندا پێدەدەن. زۆربەی خەڵکی ئەحواز، سەرەڕای ئەوەی خەڵکی خۆجێیی ناوچەیەکن کە لە رووی کانگا و سەرچاوەوە دەوڵەمەندترین ناوچەی ئێرانە، لە بارودۆخێکی سەدە نێوەڕاستی و لە نێو سیستمێکی ئاپارتایدی بەکردەوە، بەڵام بە یاسا رانەگەیەنراودا دەژین.

سەرچاوە: گلۆباڵ ڤۆیسێس

# عەداڵەت، ئارەزوویەکی هەمیشەیی مرۆڤ

**جەماڵ فەتحی**



لەوەتەی مرۆڤ هەیە حەزی لە ژیانێکی باشتر و گونجاوترە و ئەم حەزە، بووەتە هۆی ئەوەی شتێک بە ناوی "عەداڵەت" لە مێشکیدا بیچم بگرێت؛ ئەگەرچی ئەم چەمکە هەر لە چاخە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤ، وەکوو ئارەزوویەکی هەتایی هەر هەبووە، بەڵام لە قۆناخێکدا ئەم ئاوات و حەزە هەمیشەییە، وەکوو ڕاز و نهێنییەکی قەدەغەکراو لە پێناسەیەکی ئاسمانی و سەروی زەوینی یاساغبوو و بە ناوی ڕێسا و یاسایەک بۆ تاکەکان وێنا دەکرا، کە گوایە عەداڵەت لە ئاسمانەوە تەنیا لە لایەن سەروی مرۆڤەوە واتە خوڵقێنەری مرۆڤ پێیان دەبەخشرێت، کە ئەمەش لە بواری دەروونییەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هێندە مرۆڤەکان لە هەمبەر یەکتردا نادادپەروەرییان ئەنجام داوە، وەکوو خەیاڵ و وێژینگێکی دوورەدەست چاوی لێ کراوە.

بیرکردنەوە و پرسیار سەبارەت بە عەداڵەت، گشتیترین پرسیارێکە، کە بە هۆیەوە بناغەی ئاکار، سیاسەت و مافەکان گەشە دەکەن؛ لە گشت گرنگتر، عەداڵەت لە چوارچێوەی ئاکار و کردارەوە ڕەنگ دەداتەوە، شوناس و چییەتی گشتی و سەرەکیی عەداڵەت لە کرداری ڕاست و دروستە. هەرچەندە عەداڵەت و گەیشتن بە یەکسانی لە بواری فەلسەفەی سیاسەت و یاسادانان بەشی جۆراوجۆر و پرسیاری زۆر دەخوڵقێنێ، بەڵام کۆتاییەکەی گەیشتن بە ئاکارێکی باشی تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەمبەر یەکتر و دابەشکردنێکی دڵخوازانە و هەمەلایەنەی داهاتەکانی کۆمەڵگەیە.

دەسەڵاتداران لە چەمکی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، وەکوو ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی ڕای گشتی لە دەور سیاسەت و پلانەکانی خۆیان کەڵک وەردەگرن، تاکەکانی کۆمەڵگەش بە هیوای گەیشتن بە ژیانێکی باشتر، ڕەوایی بە دەسەڵاتەکان دەبەخشن؛ واتە دادپەروەریی لە کۆمەڵگە پێش جێگیر بوونی دەتوانێت پێوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە بەدی بێنێت. کە ئەم بۆچوونە بۆ ڕوانگەی ئەفلاتوون سەبارەت بە عەداڵەت دەگەڕێتەوە، کە دەڵێت: عەداڵەت گرێبەستێکە، کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بە مەبەستی گارانتی کردنی قازانجەکانیان دەبەسترێت، ئەم ڕوانگەیە لە سەدەی ١٧ و ١٨ی زایینیشەوە لە لایەن "هابز" و "هیووم" نوێنەرایەتی دەکرا.

ئەم ڕوانگەیە واتای ڕەهایی (مطلق) لە عەداڵەت دەستێنێتەوە، چونکە هەر تاکێک بەرژەوەندیی لە شتێکدایە و بەپێی ئەم ڕوانگەیە عەداڵەت چەمکێکی ڕێژەییە و هەر کەسێک کاتێ لە پێوەندی و گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان ڕازییە، کە بەرژەوەندی ئەوی تێدا دەستەبەر کرابێت. ئەم بۆچوونە بە جۆرێک ئاوڕدانەوە بۆ ڕوانگەی سووفەستاییەکانە، کە دەیانگوت: چون هیچ شتێک ڕەها نییە، عەداڵەتیش لەم بازنەدا ئاوارەتە نییە.

بەپێچەوانەی ئەم ڕوانگەیە، بۆچوونێکی دیکە هەیە، کە دەڵێت: پێوەندییەکی دوو لایەنە بوونی نییە و هیچ گرێبەستێک لە نێوان هیچ کەسێک لە ڕاستای عەداڵەت نابەسترێت، بەڵکوو ئەوە عەقڵانییەتی کەسایەتییە بیرمەندەکانی کۆمەڵگەیە کە چوارچێوە و خاڵەکانی عەداڵەت دیاری دەکەن و لادان لەو چوارچێوەیە بە ناعەداڵەتی لە قەڵەم دەدرێت.

ئەگەر خاڵی سەرەکیی فەلسەفەی سیاسەت، کارامەکردنی چۆنیەتیی سنووردارکردن و کەمکردنەوەی دەسەڵات و دابەشکردنیەتی، لە حاڵەتی نەبوونی دادپەروەریدا گەیشتن بەم خاڵە خەون و خەیاڵە.

سیاسەت و بەرنامەیەک کە ئامانجەکەی عەداڵەتخوازی بێت، گەیشتن بە قۆناغی ئازادی و ئاسایش و یەکسانیی کۆمەڵایەتی دواوێستگە و خاڵی سەرەکیی هەموو پلانێکیەتی؛ دەسەڵاتێک کە بتوانێت دادپەروەری لە کۆمەڵگە جێگیر بکات، ڕەوتی فەرمانبەریی تاکەکان لە سیاسەت و بڕیارەکانی خۆی بە مەرجی گەشەی کۆمەڵگە مسۆگەر دەکات، ئەوەی کە دەسەڵاتەکان چۆن دەتوانن عەداڵەتێکی ڕاستەقینە گشتگیر بکەن، دەبێت لە چوارچێوەی یاسایەکدا جێبەجێ بکرێت، کە مافی هەموو تاک و کەمینەیەکی تێدا ڕەچاو کرابێت.

لە دنیای پێشکەوتوو و سەردەمی ئێستەدا، زۆر ڕێکخراوە و کۆڕ و دەستە بە ناو و چەمکی جۆراجۆرەوە هەن، کە هەموویان ناوەڕۆکی بەرنامەکانیان دادپەروەی، ئاسایش و خۆشبژێوی مرۆڤە و هەر کام لە ڕاستای گەیشتن بەو ئامانجە، خۆی لەویتر بە پێشکەوتووتر و ڕەسەنتر دەزانێت و هەموویان لە بەرانبەر چەمکێک بە ناوی سیستمی نادادپەروەر و چەوسێنەر ڕاوەستاون.

ئەوەی کە هەر کام لەو دەستە و ڕێکخراوانە، خۆیان بە بەرحەقتر و دادپەروەرتر دەناسن، ڕێگەی بۆ دیکتاتۆرەکان خۆش کردووە، هەتا واتای دادپەروەری لە کۆمەڵگە، بە پێناسە و گەزی نادادپەروەرانە خۆی بپێوێت و جلی خۆی لەبەر عەداڵەت بکات و بە حەزی خۆی پێوانەی بۆ دیاری بکات.

لە کۆمەڵگە دیکتاتۆرلێدراوەکاندا کە یاسا سەروەر نییە، تاکی یەکەمی کۆمەڵگە بە حەز و ئارەزووی خۆی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی، بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی زۆر و سەرکوت تابلۆیەک لە بێعەداڵەتی بە ناوی عەداڵەتەوە لە مێشکی تاکی کۆمەڵگە جێگیر دەکات و لادان لەو تابلۆیە تاوانێکی لێخۆشنەبوویە. هەر لە وەها کۆمەڵگەیەکە کە کەسانێکی ئۆپۆرتۆنیست لەژێر ناوی عەداڵەت و لە سێبەری دیکتاتۆرەکاندا هەوڵ بۆ بێعەداڵەتی دەدەن و سیمای ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕان و ڕێبوارانی ڕێگای عەداڵەتیش تووشی ئاڵۆزی دەکەن، لێرەدایە کە دیکتاتۆر وەکوو هەمیشە سەرکەوتووی گۆڕەپانی ململانێیەکی پڕ لە تەمتومانی عەداڵەت و بێعەداڵەتین.

# خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانە بۆ بوومەلەرزەی کرماشان

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵی**



بوومەلەرزەیەك کە لە کرماشان روویدا، بەهەموو کارەسات بوونییەوە ئەنجام و دەرکەوتەی جیاوازی هەبوو. هەرچەندە ئەم بومەلەرزە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردی بێخانە و ماڵ ببن، بەڵام لە سەرەووی کارەساتەکە هەستێکی دروستکرد کە پێویستە ئاگامان لە چۆنیەتی دروستبوونی ئەم هەستە و پاراستنی بێت.

لێرەدا ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم هەستە لە روانگەیەکی کۆمەڵناسانە و لە دیدگای دورکهایمەوە بخوێنینەوە و بزانین هەڵویستی خەڵکی کورد، لە ئاست ئەم کارەساتە چ مانایەکی هەیە. لێرەوە رووبەڕووی ژمارەیەك پرسیاری جیددی دەبینەوە کە بۆچی خەڵکی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان هەڵویستێکی وەهایان لەبەرامبەر کارەساتێکی وەهادا گرت؟ ئەم رەفتارە کۆمەڵایەتییە نیشانەی چییە؟ دەتوانین ئەم رەفتارە کۆمەڵایەتییە لە چ ئاستێکی کۆمەڵایەتی پۆلێن بکەین؟

دورکهایم وەك زانایەکی کلاسیکی کۆمەڵناسی و لە کتێبی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا، کار لە سەر دوو جۆر دابەشکردنی کار یاخود بە مانایەکی دیکە کۆمەڵگە دەکات. دورکهایم لەو باوەڕەدایە کە لە ژمارەیەك لە کۆمەڵگەکاندا کە بەرتەسك و داخراو و خواستیان کەمە، دابەشکردنی کار لە سەر بنەمای هاوبەندی میکانیکییە. هاوکات جۆرێکی دیکەش دەخاتەڕوو کە پەیوەندی بەو کۆمەڵگەیانەوە هەیە کە کراوە و بەرفراوانن و خواستیان زۆرە و ئەم جۆرە لە هاوبەندی یان یەکگرتوویی بە هاوبەندی ئۆرگانیك ناو دێنێت.

لە نێوان ئەم جۆرە لە هاوبەندی کۆمەڵایەتی، جیاوازییەکی زەق بوونی هەیە؛ لە هاوبەندی میکانیکی شێوازی کارکردی کۆمەڵگە، بە شێوەی میکانیکییە و هەتا نەیبزوێنی ناتوانێت گەشە بکات، بەڵام لە هاوبەندی ئۆرگانیك تێکرای کۆمەڵگە وەك سیستەمێکی ئۆرگانیکی کار دەکات و زیان گەیشتن بە هەر بەشێك لە کۆمەڵگە بەشەکانی دیکە وشیار دەکاتەوە و بە بێ ئەوەی خۆی بیهەوێت دەیخاتە گەڕ.

بە مانایەکی دیکە ئەگەر ئێمە بوومەلەرزەی کرماشان لەبەرچاو بگرین لە هەر دوو هاوبەندیدا، ئەگەر کۆمەڵگەی کوردی لە قوناخی گەشەکردنی هاوبەندی میکانیکی بوایە ئەوا بوومەلەرزەیەك کە لە کرماشان روویدا، ناوچەکانی دیکەی نەدەجووڵاند، هەروەها کە ناوچەکانی دیکەی ئێرانی نەجووڵاند؛ بەڵام لە خوێندنەوەی هاوبەندی ئۆرگانیکدا، ناوچەکانی دیکە بە بێ ئەوەی بیانهەوێت جووڵان و یارمەتییان بۆ ناوچەی بومەلەرزەلێدراو رەوانە کرد.

کارکردی ئەم جۆرە هاوبەندییە ئۆرگانیکە، لە خۆرهەڵاتی کوردستان گەیشتە ئاستێك، کە تەنانەت هێماسازی کرد و بوونی خۆی وەك بوونێکی یەکگرتوو و هەبوو سەلماند؛ ئەم رەفتارە کۆمەڵایەتییە کە لە بوومەلەرزەی کرماشان بیندرا، پیشاندەری ئەوەیە کە جۆرێك یەکگرتوویی و هاوبەندی لە ئاستی باڵای ئۆرگانیك، لە کۆمەڵگەی کوردی دروست بووە کە پێشتر بوونی نەبوو.

لێرەوە پرسیاری جیددی بۆ شۆڕشگێڕان و مافخوازانی کورد دێتە ئاراوە، لەم قوناخەی گەشەکردنی کۆمەڵگە کە لە ئاستی هاوبەندی ئۆرگانیکدایە، دەبێ چی بکرێت؟

لە راستیدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ، لە نێوان هاوبەندی ئۆرگانیك و شوناسی نەتەوەیی و بوونی نەتەوەدا هەیە؛ چەندە ئەم هاوبەندییە بەهێزتر بێت، ئەوا نەتەوە باشتر دەتوانێت بوونی خۆی بپارێزێت و شوناسی خۆی پێناسە بکات. بە واتایەکی دیکە چەندە هاوبەندی ئۆرگانیك بەهێزتر بێت، ئەوا نەتەوە زیاتر سنوورەکانی خۆی پێناسە دەکات. بۆیە پێویستە لەم قوناغەدا، خەباتکارانی کورد کار لە سەر پاراستنی ئەو هاوبەندییە بکەن کە لە کۆمەڵگەی کوردی دروست بووە و هاوکاتیش ئەو هاوبەندییە بەهێز بکەن، بۆ گەیشتن بە قوناخەکانی دواتر بۆ ئەوەی بتوانن، کۆمەڵگەی کوردی کە بەردەوام دوژمن، کار لە سەر پەرتکردن و پەرتەوازەکردن و پارچەپارچەکردنی دەکات، ئەوا لە یەکگرتوویەکی تەواودا بمێنێتەوە.

هەڵبەتە ئەمە بەو مانایەیە کە دەتوانین زۆر بۆنە و رووداوی چاکی دیکە، بکەینە هۆکارێك بۆ ئەوەی هاوبەندی نەتەوەیی بپارێزین و رێگە نەدەین پارچە پارچە بێت.

لە کۆتایی بابەتەکەدا رەهەندێکی دیکە ماوەتەوە کە پێویستە پرسیار بکەین بۆچی بوومەلەرزەی کرماشان جیا لە کوردستان ناوچەکانی دیکەی ئێرانی نەجووڵاند؟ ئەم پرسیارە دوو وەڵامی هەیە، یەکەم ئەوەیە کە، ئەو هاوبەندییە ئۆرگانیکە لە نێو ناوچە کوردنشینەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان دروست بووە و ناوچەکانی دیکەی ئێران بەشێك لەو هاوبەندییە نین؛ وەڵامی دووهەم ئەوەیە کە پەیوەندی ناوچە کوردنشینەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی میکانیکییە و ئەم پەیوەندییە میکانیکییە، کە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران دروست بووە ئەوا ئێمەی لەوان دابڕیوە و کارەساتێك کە لای ئێمە روودەدا کەمترین کاریگەری لەسەر ئەوان دەبێت، بۆیە ناجوولێن بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بن؛ ئەمەش بەو مانایەیە کە رێگەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئێمە جیابووەتەوە.

# ئیلام بێبەش لە ئێستا و داهاتوو



**شارام میرزائی**

بە پێی هەواڵی هەواڵدەرییە نێوخۆییەکان، سەلام ئەمینی، بەناو نوێنەری ئیلام لە مەجلیسی ڕێژیم، ڕایگەیاندووە لە حاڵێکدا کە ۱۱ لەسەدی سەرچاوە نەوتییەکانی ئێران لە پارێزگای ئیلامدان، تەنیا ۳ لەسەدی بۆ ئەو پارێزگایە و خۆشبژێوی خەڵکەکەی دابین دەکرێت.

بەپێی دوایین ئامارە فەرمییەکان جیا لەوەیکە ۱۱ لەسەدی سەرچاوە نەوتییەکانی ئێران لە پارێزگای ئیلامدایە، ئەم پارێزگایە زیاتر لە ۱۷ میلیارد بەرمیل پاشەکەوتی نەوتی هەیە کە لەگەڵ وڵاتی قەتەر یەکسانە؛ هەروەها لە بواری بەرهەمی ناپاڵاوی دەروونیی سەرانە بە نەوت، ئیلام چوارمین پارێزگای ئێرانە، کە نیشاندەری گرنگی ئیلام لە بواری سامانە سرووشتییە ژێرزەوینییەکانە.

لە حاڵێکدا کە ئەم پارێزگایەی کوردستان خاوەنی وەها سەرمایەیەکی گرینگ و بەپیتە دەبینین کە بە یەکێک لە هەژارترین پارێزگاکانی ئێران دەژمێردرێ و کەمترین گەشەی ئابووری لە ساڵانی ڕابردوودا هەبووە. جێگای ئاماژەیە، خەڵکی ئیلام لەگەڵ کێشەکانی وەک بێکاری، گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، خۆکوژی و بی هیوایی بە داهاتوو و...هتد، بەرەوڕوون و بە بەراوردێکی سەرەتایی لە نێوان وڵاتی قەتەر و پارێزگای ئیلام و هەروەها دۆخی ژیانی خەلکی قەتەر و ئیلام کە داهاتی نەوتییان یەکسانە، دەردەکەوێ چ خەیانەتێک بە گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان کراوە.

ئیلام کە هەتا ئێستا لە بەرانبەر پرۆسەی ئاسمیلاسیونی کەلتوری خۆڕاگر بووە و پیلانە جوراوجۆرەکانی حکومەتە فاشیستییەکانی ئێران نەیتوانیوە خەڵکی ئەم ناوچە بە چوکدا بێنێت، ئامانجی هێرشی حکومەتی ناوەندی بە تایبەت کۆماری سێدارەی ئیسلامی بووە. بۆیە ئەم بەشە لە نیشتمان هەمیشە لە هەر چەشنە پلانێک بۆ پەرەسەندنی ئابووری و بەرەو پێش چوون بێبەش کراوە و کۆماری ئیسلامی نەیهشتووە پەرە بستێنێت. لە درێژەی ٦٠ ساڵی ڕابردوودا ئیلام بەردەوام لە ریزی پێنج پارێزگای ئێران بووە کە زۆرترین ڕێژەی بێکاری، هەژاری، گەشەنەکردوویی و بێهیوایی هەبووە، بۆیە ڕێژەی خۆکوژی لەم پارێزگایە ۸۰ لە ۱۰۰هەزار کەس بەراورد کراوە کە نەتەنیا لە ئێران بەڵکوو لە تەواوی جیهان لە بەرزترین ئاستی خۆکوژی بە ئەژمار دێت. کۆماری سێدارەی ئیسلامی بە لە نێوبردنی بنەماکانی ئابووریی وڵات و پەرەدان بە هەژاری و بێکاری و بێدەرەتانی بووەتە هۆی بڵاوبوونی بێهیواییەکی بێسنور لە نێو خەڵکدا و ئەم بێهیواییە هۆکاری سەرەکی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوژی ژن و پیاو بە تایبەت لە پارێزگاکانی کوردستانە کە بە پێی ئامارە حکومەتییەکان، پارێزگاکانی ئیلام، لوڕستان، کرماشان، چوار مەحاڵ و بەختیاری و سنە بەرزترین ڕێژەی خۆکوژی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان هەیە؛ لەم نێوانەدا دۆخی ئیلام لە هەموو پارێزگاکانی ئێران خراپتر و قەیراناویترە.

کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە پەردان بە هەژاری و بێکاری و خولْقاندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، کۆنترۆڵی وڵات بەدەستەوە بگرێت و لە خەڵک وەکوو مۆرە کەڵک وەرگرێت و هەرکارێک کە پێی خوشە و دەیهەوێ، بیکات و کەسیش نەتوانێت بەرانبەر بەم زوڵم و جینایەتە ئێعتراز بکات. کاتێک هیوا بە ژیان و داهاتوو لە وڵاتیک نامینێت هەر چەشنە بزاڤێکی ئێعترازی ڕوو لە کزی دەکات و خەڵک بە کەمترین ڕێژە، بەشداری دەبن بۆیە لە هەموو قۆناخەکانی مێژوودا حکومەتە دیکتاتۆرەکان ویستوویانە هیوای خەڵک بە ژیان و داهاتوو بنبڕ بکەن تا باشتر بتوانن درێژە بە تەمەنی حکومەتەکەیان بدەن.

پارێزگای ئیلام کە لە هەموو سامانە سروشتییەکانی خۆی بێبەشە و لە نێو هەژاری و بێکاری نوقم بووە، بەو حاڵەشەوە بەرانبەر بە پیلانەکانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی چوکی نەداوە و بە هەموو کێشەگەلێک کە بە سەریدا سەپێندراوە، بووەتە خەزێنەی کەلتوری کوردواری لە باشووری کوردستان و ڕۆڵە بەوەجەکانی ئەو بەشە لە وڵات، هەمیشە لە جەرگەی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان بەشدار بوون و لەو ڕێگایەدا گیان و ماڵی خۆیان بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەرز و ئازاد فیدا کردووە. لە ڕاستیدا ئەو گوشار و زەختە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکان بە سەر ئیلامدا زاڵە، ڕەنگە لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستان زۆرتر بێت و کۆماری ئیسلامیش بە هۆی ئیستراتیژیک بوونی ئەم ناوچەیە هەوڵێکی تایبەت بۆ لەنێوبردنی هەستی خۆڕاگری و کوردایەتی داوە، هەوڵگەلێکی فاشیستی و دژە مرۆیانە کە بووەتە پاڵنەرێک بۆ خولْقاندن و زیادبوونی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان؛ لەوانەش خۆکوژی، تەڵاق، پەراوێزنشینی، خەمۆکی و بێهیوایی، بەڵام هەتا ئێستا نەیتوانیوە کە ئیرادەی شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری لە نێو خەڵکی ئیلام بخنکێنێت.

دروستە کە توانیویەتی زەربەگەلێک وە پەیکەرەی کورد لەم بەشەی نیشتمان بوەشێنێت بەڵام قەت نەیتوانیوە بە چوکیدا بێنێت بۆیە ئەو ڕێژیمە دڕندەیە هەر ڕۆژ زۆرتر لە هەوڵدایە کە ئاستی خەسار و ڕێژەی نەهامەتییەکان بباتە سەر تا بتوانێ سەرکەوتوویی زۆرتر بە دەست بێنێت.

هەبوونی بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستان سەرەکیترین هۆکاری پوچەڵ بوونی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە گەلی کوردە، ئەم بزاڤە توانیویەتی لە درێژەی تەمەنی خۆیدا ببێتە سەرچاوی هیوا و ئاواتەکانی گەلەکەمان و بەهێزترین چەک بێت بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلانە نگریسەکانی ئێرا؛. بۆیە ئەرکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی هەر حیزبێکی کوردستانی بە تایبەت حیزبی دێموکراتە، کە بە گشت هەوڵ و توانایی خۆی پەرە بە نفوزی بزاڤی نەتەوەکەمان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە تایبەت ئیلام بدات تا بتوانین هەم لە لایەکەوە پیلانەکانی ڕێژیم دژ بە نەتەوەکەمان پوچەڵ بکەینەوە و هەم ئیمکانی بەشداری گەنجانی کورد لە نێو بزاوتی ڕزگاریخوازانەمان، لەو بەشەی وڵات زۆرتر ببێت. ئەگەر ئێمە بتوانین بازنەی کاریگەری خەباتەکەمان زۆرتر لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان پەرە بدەین، بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە نێو شۆڕشەکەمان زووتر و ساکارتر دەبێ.

# تەقینەوی مین لە ئیلام کوژرانی لاوێکی کوردی لێکەوتەوە



ئاژانسی کوردپا: تەقینەوی مین لە ئیلام کوژرانی لاوێکی کوردی لێکەوتەوەئاژانسی کوردپا: لاوێکی کورد، خەڵکی شاری مەلەکشای سەر بە پارێزگای ئیلام بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەی سنووری شاری مێهران گیانی لە دەست دا.

چەند ڕۆژ پێش، لاوێکی کورد بە ناوی"یوونس کازم زادە" خەڵکی شاری مەلەکشای ئیلام لە ناوچەی سنووریی شاری مێهران بە هۆی تەقینەوەی مین، دەستبەجێ گیانی لە دەست داوە.

بە وتەی عیسا بازیار، کە زیاتر لە ۱۳ ساڵە لە بواری هەڵگرتنەوەی مین چالاکی دەکات، بە مردنی ئەو لاوە کوردە، ژمارەی هاووڵاتییانی گیان لە دەستدراو بە هۆی تەقینەوەی مین لە شاری مێهران لە ئەمساڵدا، گەیشتووەتە ٥ کەس.

بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی کوردپا، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، ۲۳ کەس بوونەتە قوربانی مین، کە ۳ کەسیان کوژراون و ۲۰ کەسی دیکەش برینداربوون، هەروەها لە پارێزگاکانی ورمێ، سنە، ئیلام و خووزستان، بە پانتایی نزیکەی چوار میلیۆن و ۲۰۰ هێکتار، لانیکەم ١٦ میلیۆن مین چێندراون.

# منداڵێکی تەمەن ٢ مانگە بە هۆی سەرما و سۆڵەوە گیانی لە دەست دا



ئاژانسی کوردپا: منداڵێکی تەمەن ۲ مانگە بە هۆی سەرما و سۆڵەوە گیانی لە دەست دائاژانسی کوردپا: منداڵێکی ساوای دوو مانگە، خەڵکی شاری سەرپێڵی زەهاو بە هۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی یەکشەممە ۲۲ی ڕێبەندان، کارن ئەلیاسی، منداڵێکی ساوای دوو مانگەی یەکێک لە بنەماڵە بوومەلەرزەلێدراوەکانی شاری سەرپێڵی زەهاو، بە هۆی نەخۆشی و ئاودزکردنی چڵک لە جەستەیدا گیانی لە دەست دا.

کاوە ئەلیاسی باوکی کارن لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان ڕایگەیاند: "پاش سەردانی بەردەوام بۆ نەخۆشخانەی ئیمام ڕەزا لە شاری کرماشان و وەرنەگرتنی کارن لەو نەخۆشخانەیە، ڕۆژی ۲۳ی ڕێبەندان بە پاڕانەوە، کوڕەکەیان لەو نەخۆشخانەیە خەواندووە، بەڵام پاش چەند کاتژمێر تەرمی کوڕەکەمان وەرگرتەوە".

ئاژانسی هەواڵی موکریان سەبارەت بە گیان لە دەستدانی کارن ئەلیاسی نووسیوویەتی: "ئەو نموونە بەرچاوەی مردنە، لە ئاکامی کەمکاری ناوەندەکانی بەرپرسیارە کە هیچ پێڕاگەیشتنێکیان بە بوومەلەرزەلێدراوەکان نەکردووە و بۆ پێشگیری لە مردنی ئەوان بە هۆی سەرما و سۆڵەوە هەوڵیان نەداوە. ئەگەر بیرێک لە چارەسەر کردنی نەکرێتەوە، کارەساتی مردنی بێدەنگیی ڕۆژانەی بوومەلەرزەلێدراوە بێماڵ و حاڵەکانی پارێزگای کرماشان درێژەی دەبێت".

هەروەها ڕۆژی یەکشەممە ۲۲ی ڕێبەندان، هەوڵی مردنی کچێکی لاو تەمەن ۱۷ ساڵ بە ناوی نووشین محەممەدی ،لە شاری سەرپێڵ زەهاوی کرماشان، کە بە هۆی سەرماوە گیانی لە دەست دابوو بڵاوکرایەوە، بەڵام هەتا ئێستە هیچ هەواڵدەرییەکی فەرمی ڕاست و دروستی ئەو هەواڵەی پشتڕاست نەکردۆتەوە.

# له‌ سه‌روه‌ری نه‌ته‌وه‌ییه‌وه‌ هه‌تا كلۆنی بوون

كه‌ژاڵ حاجی میرزایی

هه‌ڵسووكه‌وتی سیستماتیكی حكوومه‌ته‌ یه‌ك له‌ دوای یه‌كه‌كانی ئێران له‌گه‌ڵ نه‌ته‌وه‌ی كورد له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستاندا، هه‌ڵسووكه‌وتێك بووه‌ كه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای داگیركاری و ئێستێعمار داڕێژراوه‌. ئه‌گه‌ر ئاوڕێك له‌ مێژوو بده‌ینه‌وه‌ ئه‌و ڕاستییه‌مان بۆ ده‌رده‌كه‌وێ كه‌ پێش دروووست بوونی "ده‌وڵه‌تی به‌ ناو مودێڕن"، كورد به‌هۆی هه‌بوونی میرنشینه‌كانییه‌وه‌ خاوه‌نی جۆرێك له‌ سه‌روه‌ری سیاسی و ئابووری بووه‌ و تا ڕاده‌یه‌كی زۆریش له‌ به‌ڕێوه‌بردنی ئابووریی كوردستاندا سه‌ربه‌خۆ و دوور له‌ هه‌ڵاواردنی ناوه‌ند بووه‌.

دامه‌زراندنی كۆماری كوردستانیش یه‌كێك له‌و قۆناغانه‌یه‌ كه‌ كورد خواست و ئیراده‌ی نه‌ته‌وه‌یی خۆی به‌ سه‌ر خۆیدا حاكم ده‌كات و سه‌ربه‌خۆیی ڕێژیمی خۆی ده‌چه‌سپێنێ؛ به‌ڵام چ له‌ قۆناخی پێش ده‌وڵه‌تی به‌ ناو"مودێڕن" و چ له‌ دوای دروووست بوونی ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌، به‌ زه‌بری هێرشی سه‌ربازی و داگیركاری خاك، ئه‌و سه‌روه‌رییه‌ سیاسییه‌ له‌ كورد ئه‌ستێندراوه‌ته‌وه‌ و ژێر پێ نراوه‌ كه‌ له‌ ئاكامدا له‌ هه‌موو بواره‌كانی ژیانی سیاسی، ئابووری، كۆمه‌ڵایه‌تی و فه‌رهه‌نگیدا به‌ ئاشكرا و به‌ شێوه‌یه‌كی جیاواز له‌ ناوچه‌كانی دیكه‌ هه‌ڵسووكه‌وتی له‌گه‌ڵ كراوه‌.

سیاسه‌تی پاش خستن، هه‌ڵاواردنی سیاسی و ئابووری، ئاسیمیلاسیۆنی زمانی و كه‌لتووری له‌ تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی پلانی ئه‌و حكوومه‌ته‌ داگیركه‌رانه‌ بوون كه‌ به‌رامبه‌ر به‌م گه‌له‌ كراوه‌ و له‌ ئارادا بوونیان هه‌تا ئه‌وڕۆش ده‌رخه‌ری ئه‌و ڕاستییه‌ن كه‌ كورد و كوردستان له‌ دۆخی ئێستێعماری نێوخۆییدا هه‌ناسه‌ ده‌كێشێ.

چه‌مكی كلۆنیالیزم ((colonialism

ئاستێرهێمێڵ پرۆفسۆری ئاڵمانی له‌ كتێبی"كلۆنیالیزم: ڕوانینێكی تیۆریك" به‌م شێوه‌یه‌ كلۆنیالیزم پێناسه‌ ده‌كا: "بنچینه‌ی كلۆنیالیزم هه‌بوونی ئه‌و كلۆنییانه‌یه‌ كه‌ به‌ شێوازی جیاواز له‌ ناوچه‌كانی دیكه‌ی یه‌ك وڵاتدا له‌لایه‌ن حكوومه‌تی داگیركه‌ره‌وه‌ به‌ڕێوه‌ ده‌چێ". ئه‌و بیرمه‌نده‌ ده‌ڵێ "دیارده‌ی كلۆنیالیزم پێوه‌ندیی نێوان خه‌ڵكی ڕه‌سه‌نی ناوچه‌ یان وڵاتێكه‌ له‌گه‌ڵ زۆرینه‌ یان كه‌مینه‌یه‌كی ده‌ره‌كی هرووژمهێنه‌ردا (هێرشكه‌ردا). له‌م پێوه‌ندییه‌دا هه‌ر بڕیارێكی بنه‌ڕه‌تیی كه‌ ڕاسته‌وخۆ كارتێكه‌ریی له‌سه‌ر بوار و ڕه‌هه‌نده‌كانی ژیانی خه‌ڵكی ئێستێعماركراو هه‌بێ، له‌لایه‌ن ده‌وڵه‌تی داگیركه‌ره‌وه‌ به‌ قازانجی ناوه‌ند و حكوومه‌ت ده‌رده‌كرێت.

دیارده‌ی كلۆنیالیزم له‌ ڕوانگه‌ی مێژووناسانه‌وه‌ چوار چه‌شنی (فۆرمی) بنه‌مایی هه‌یه‌ كه‌ لێره‌دا هه‌وڵ دراوه‌ ئاماژه‌ به‌ یه‌كیان واته‌ "ئێستێعماری نێوخۆیی" (internal colonialism) بكرێ.

چه‌مكی كلۆنیالیزمی نێوخۆیی به‌ واتای نابه‌رابه‌ری پێكهاته‌یی سیاسی و ئابوورییه‌ كه‌ له‌ ئاكامی سیاسه‌تی ده‌سه‌ڵاتی زاڵدا، له‌ نێوان ناوچه‌ و شاره‌ جیاجیاكانی وڵاتێك دێته‌ ئاراوه‌؛ واته‌ له‌ چوارچێوه‌ی سنووره‌كانی ئه‌و وڵاته‌ و له‌ژێر سێبه‌ری ئه‌و نایه‌كسانییه‌دا نه‌ته‌وه‌یه‌ك ده‌بێته‌ كاكڵه‌ی زاڵ(هسته‌ی غالب) و نه‌ته‌وه‌كانی دیكه‌ ده‌كه‌ونه‌ بنده‌ستی. كلۆنی نێوخۆیی به‌رهه‌مهێنه‌ر، خاوه‌ن و سه‌رچاوه‌ی سه‌روه‌ت و سامانێكه‌ كه‌ نه‌ته‌نیا خه‌ڵكه‌كه‌ی ئیزنی هیچ جۆره‌ كه‌ڵك وه‌رگرتنێكیان له‌و سه‌روه‌ته‌ نییه‌، به‌ڵكوو به‌ ته‌واوه‌تی به‌ قازانجی ناوه‌ند و ناوچه‌كانی ده‌وروبه‌ری تاڵان ده‌كرێت و ده‌بێته‌ مایه‌ی ئاسووده‌یی ژیانی نه‌ته‌وه‌ی سه‌رده‌ست. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش به‌ شێوازی یاسایی و پلان بۆ داڕێژراو حاشا له‌ هه‌بوون و شوناسی نه‌ته‌وه‌ بنده‌سته‌كان، هه‌م له‌ لایه‌ن حكوومه‌ت وهه‌میش له‌ لایه‌ن ناوه‌ندگه‌راكانه‌وه‌ ده‌كرێ.

ده‌رئه‌نجامی ئه‌و هه‌ڵاواردن و جیاوازیگه‌له‌ ده‌بێته‌ سازبوونی هێڵێك له‌ نێوان ناوچه‌كان كه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی دیار و ئاشكرا نه‌ته‌نیا ڕواڵه‌تی فیزیكی شاره‌كان له‌ یه‌ك جیا ده‌كاته‌وه‌ به‌ڵكوو له‌ دامه‌زراوه‌ گشتییه‌كانیش وه‌كوو: سیستمی په‌روه‌رده‌، ته‌ندرووستی (نه‌خۆشخانه‌كان)، به‌ندیخانه‌، سه‌رمایه‌گوزاری، به‌رهه‌مه‌ كه‌لتوورییه‌كان، هه‌ڵسووكه‌وتی هێزه‌ نیزامییه‌كان، سیستمی داد و دادپه‌روه‌ری و...هتد خۆی پیشان ده‌دا.

هه‌روه‌ها "ده‌سه‌ڵاتی داگیركه‌ر به‌ هێژمۆنیزه‌كردنی وێنا و پێناسه‌ و به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی خۆی له‌ ڕێگه‌ی سیستمی سیاسی و كه‌لتوورییه‌وه‌ چه‌مك و هێماكانی خۆی تا ئاستی به‌رژه‌وه‌ندیی گشتی كۆمه‌ڵگه‌ی داگیركراو هه‌ڵده‌كێشێ. ئه‌و پێناسه‌ و وێنایانه‌ دوای زاڵ بوون و جێگیر بوونیان ئه‌گه‌نه‌ پێگه‌ی ئاوه‌زی ته‌ندرووست، به‌ شێوه‌یه‌ك كه‌ وه‌كوو گریمانه‌ حاشاهه‌ڵنه‌گره‌كان گومانیان تێدا نه‌كرێت" و هه‌روه‌ها دۆخه‌كه‌ش وه‌كوو دۆخێكی سرووشتیی بێته‌ به‌رچاو.

دكتور "خالید خه‌یاتی" مامۆستای زانكۆ له‌ به‌شی زانسته‌ سیاسییه‌كان، له‌ سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌یه‌ كه‌ كوردستان وڵاتێكی كلۆنیالیزه‌ كراوه‌. دكتور خالید باس له‌ ئێستعماری نێوخۆیی ده‌كات و ده‌ڵێ "كورد وه‌كوو دیارده‌یه‌كی سیاسی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستاندا له‌ هیچ یه‌ك له‌ پانتاییه‌ گشتییه‌كاندا كه‌ ڕاسته‌وخۆ پانتایی كۆمه‌ڵایه‌تی، ئابووری، سیاسی، كه‌لتووری و پانتای پێوه‌ندی ڕۆژانه‌یه‌، بچووكترین ده‌سه‌ڵاتی به‌ ده‌سته‌وه‌ نییه‌، كه‌واته‌ كورد وه‌كوو مۆئه‌له‌فه‌یه‌كی هه‌بوون له‌كوردستانی ڕۆژهه‌ڵاتدا دیارده‌یه‌كی به‌ ته‌واو مارژیناڵه‌، یانی له‌ ده‌ره‌وه‌ی پرۆسه‌ی بڕیاری سیاسه‌ت دایه‌."

دكتور خالید له‌ سێمینارێكدا بۆ ده‌رخستنی ئه‌و ڕاستییه‌ به‌ به‌ڵگه‌وه‌ ئاماژه‌ به‌ هه‌ڵسووكه‌وتی ڕۆژانه‌ی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران به‌ مه‌به‌ستی شۆڕدنه‌وه‌ی شوناسی كوردی ده‌كات و جه‌خت له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ ده‌كاته‌وه‌ كه‌ كوردستان وڵاتێكی كلۆنیالیزكراوه‌ و پێویسته‌ چه‌مكێكی گشتگیر بۆ پێناسه‌ی كێشه‌ی كورد گه‌ڵاڵه‌ بكرێ".

دیاره‌ پێشنیار بۆ پێناسه‌یه‌كی نوێ و داڕشتنی پلانێكی تۆكمه‌تر بۆ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ له‌ شاره‌زایی هزری و جه‌ساره‌تی نووسه‌ری ئه‌و چه‌ند دێڕه‌ به‌ده‌ره‌، به‌ڵام به‌پێی ئه‌و به‌ڵگه‌ مێژووییانه‌ كه‌ له‌ سه‌ر هه‌ندێك له‌ وڵاتانی ڕزگاربوو له‌ ده‌ستی كلۆنیالیزم- به‌تایبه‌تی كلۆنیالیزمی نێوخۆیی- له‌ به‌رده‌سته‌ به‌و ئاكامه‌ ده‌گه‌ین كه‌ ڕزگاری نه‌ته‌وه‌یی (national liberation) و هه‌نگاو هه‌ڵگرتنی جیددی بۆ دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تی كوردستانی تاكه‌ڕێگه‌ی چاره‌سه‌ركردن و ده‌ربازبوون له‌م كێشه‌یه‌ كه‌ ده‌یان ساڵه‌ سه‌روه‌ری سیاسیی و كه‌رامه‌تی نه‌ته‌وه‌یی له‌م گه‌له‌ سه‌ندۆته‌وه‌.



# ژن پرۆسه‌ی ژێر ده‌ستی سیاسه‌ته‌؟



جه‌ماڵ ڕه‌سووڵ دنخه

له‌و نووسراوه‌دا زیاتر مه‌به‌ستم ژنانی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاسته‌ تا وڵاتێك كه‌ دێموكراسی كاری پێ ده‌كرێت. ژن و تێكۆشانی بۆ مافه‌كانی له‌ سه‌رده‌می ئێستادا بوار و باس‌وخواستی زۆریشی به‌ خۆیه‌وه‌ گرتووه‌، به‌ڵام ده‌بێ به‌ واقعییه‌ت بڵێین كه‌ هیچ ژنێك تا ئێستا لێكدانه‌وه‌ و تێگه‌یشتنی واقعبینانه‌ی له‌ مانای ماف هه‌یه‌ نا؟ ده‌زانێت مافه‌كانی خۆی چییه‌ و چۆن به‌ ده‌ستی بێنێت؟ له‌ لایه‌كی دیكه‌شه‌وه‌ ئه‌وه‌یكه‌ ژن له‌ "پرۆسه‌ی سیاسه‌تدا" ڕۆڵ ده‌گێڕێت، زیاتر به‌ ده‌ستی خۆی، خۆی قوربانیی قسه‌ و باسی ده‌وروبه‌ری ده‌كات؟

هیچ كه‌س حاشا له‌وه‌ ناكات كه‌ ژن له‌ ڕه‌وتێكی مێژووییدا، له‌ سه‌روه‌ریی و حوكمڕانییه‌وه‌ گه‌یشتووه‌ته‌ دۆخێك كه‌ پێناسه‌ی جیاوازی بۆ ده‌كه‌ن؛ یه‌كێك له‌و كۆمه‌ڵه‌ كێشانه‌ی كه‌ ژن خۆی پێوه‌ به‌ستووه‌ته‌وه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ده‌یهه‌وێ هۆكاری له‌ ده‌ستدانی سه‌روه‌ریی و حوكمڕانیی خۆی له‌ ڕه‌وتی مێژوودا ببینێته‌وه‌ و دواتر ده‌ست به‌ تێكۆشانی خۆی له‌ هه‌موو بواره‌كاندا له‌ نێو كۆمه‌ڵگه‌دا بكات.

زۆربه‌ی هه‌ره‌ زۆری ئه‌و ژنانه‌ی له‌ ئاستی جیهاندا له‌ قۆناخێكی زه‌ماندا تێكۆشان و چالاكییان هه‌بووه‌ و تێگه‌یشتوون كه‌ ده‌بێ چی بكه‌ن و چی نه‌كه‌ن سه‌رجه‌میان ناوبانگی جیهانیان ده‌ركردووه‌ و مرۆڤایه‌تی به‌ چاوێكی ڕێزه‌وه‌ سه‌یریان ده‌كات.

یه‌كێك له‌ كێشه‌ سه‌ره‌تایی و زۆر ساكاره‌كان كه‌ ژنان له‌ نێو كۆمه‌ڵگه‌دا ده‌ستیان پێوه‌ گرتووه‌ و پێداگری زۆری له‌ سه‌ر ده‌كه‌ن ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ژن خۆی به‌ جیاواز له‌ پیاو ده‌زانێت و وا بیر ده‌كاته‌وه‌ كه‌ خڵقه‌تی ئه‌و جیاوازه‌ له‌ پیاو. هه‌ر ئه‌وه‌ی نیچه‌ ده‌ڵێت: "بشر شماره‌ دو شد"؛ به‌و مانایه‌ كه‌ ژن جۆرێك خۆی پێناسه‌ ده‌كات كه‌ مرۆڤێكی دیكه‌یه‌، بۆیه‌ تا كاتێك كه‌ ژن ئه‌م جۆره‌ بیر بكاته‌وه‌ و به‌م چه‌شنه‌ خۆی به‌ جیاواز بزانێت هیچ كات تاكی ژن ناتوانێت و نازانێت چی بكات؟!

دنیای سیاسه‌ت وه‌ك چالاكترین به‌ش بۆ چالاكی تاكه‌كان، ئه‌و ده‌رفه‌ته‌ی خوڵقاندووه‌ كه‌ هه‌ر كه‌سێك به‌ ئه‌ندازه‌ و توانایی خۆی به‌شداری له‌ سیاسه‌ت و له‌ بواره‌ جیاوازه‌كانیدا بكات، دیسان كێشه‌ لێره‌دایه‌ كه‌ تاكی ژن ده‌ڵێت: "ژن پرۆسه‌ی ژێرده‌ستی سیاسه‌ته‌؟" واته‌ ژن به‌ مانای ڕاسته‌قینه‌ ناهێننه‌ نێو بواری سیاسه‌ت و ته‌نیا بۆ ڕواڵه‌ت و زاربه‌ستنی ژنانه‌. ئه‌گه‌ر ئه‌و بیركردنه‌وه‌ ڕاست بێت ده‌بێ بڵێین جیاوازی نێوان وڵاتێكی وه‌ك ئاڵمان و ڕێژیمی ئێران له‌ چیدایه‌؟ ئایا له‌ جۆری ژنه‌كه‌دایه‌ یا نه‌خێر له‌ جۆری چالاكی و تێكۆشانی ژنه‌كه‌دایه‌؟

با باس له‌ ژن له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست و به‌ تایبه‌تیش كورد بكه‌ین، به‌پێی سیستمه‌كانی حكوومه‌تداری له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاستدا ژن به‌ربه‌ستی بۆ كار و چالاكی زۆرتره‌ و كه‌متر ده‌توانێت خۆ ده‌ربخات، له‌ هه‌مان كاتدا ده‌بینین ڕۆڵی ژنان له‌ هه‌موو بواره‌كاندا چۆنه‌ و به‌ چ شێوه‌یه‌ك ژنان له‌ چالاكی و خه‌باتی نه‌ته‌وه‌كانی خۆیاندا به‌شدارن؛ ئه‌وه‌ خۆی ده‌رخه‌ری ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ژن تا چ ڕاده‌یه‌ك توانایی هه‌یه‌.

به‌ڵام با باس به‌ تایبه‌تی له‌ ژنی كورد بكه‌ین و تێكۆشانی ژنان بۆ مافه‌كانیان و چۆنیه‌تی و چه‌ندیه‌تی چالاكی ئه‌وان له‌و بواره‌دا؟! گه‌لی كورد له‌ كاتی ئێستادا خۆی خه‌باتی سه‌رانسه‌ی بۆ ڕزگاری و ئازادی وڵاته‌كه‌ی ده‌كات، بۆیه‌ كه‌موكوڕی له‌ زۆربه‌ی بواره‌كانی كۆمه‌ڵایه‌تیدا هه‌یه‌ و حاشای لێناكرێت و له‌و په‌یوه‌ندییه‌شدا ڕۆڵی ژنان ئه‌گه‌رچی زۆر ڕوون و به‌رچاوه‌، به‌ڵام دیسان ژنان باس له‌وه‌ ده‌كه‌ن مافه‌كانیان پێشێل كراوه‌ و پیاوان به‌ربه‌ستێكن بۆ خه‌بات و تێكۆشانیان له‌ نێو كۆمه‌ڵگه‌دا؛ به‌ڵام ئایا به‌ڕاستی پێش به‌ ژنی كورد گیراوه‌ به‌شداری چاره‌نووسی كۆمه‌ڵگه‌ی خۆی نه‌بێت یا نه‌خێر ئه‌وه‌ داب و نه‌ریته‌كانن كه‌ پێشیان به‌ ژنان گرتووه‌ یا ئه‌سڵه‌ن پیاوه‌كانی كورد دژی چالاكیی ژنانن؟

ئه‌گه‌رچی ئه‌م كلیشانه‌ تا ڕاده‌یه‌كی زۆر جێگه‌ی خۆیان گرتووه‌ و ته‌نانه‌ت هه‌ندێ له‌ ژنانیش ڕه‌وایه‌تیی پێده‌ده‌ن، به‌ڵام شتێكی ئه‌سته‌م نییه‌ كه‌ تێكیان بشكێنین و ڕووبه‌ڕوویان ببینه‌وه‌: هه‌ر به‌ڕاست ئه‌وه‌ خودی پیاوانن ڕێگه‌ به‌ ژنان ناده‌ن؟ پیاو به‌ ته‌نیا ئه‌م كاره‌ ده‌كات و سیسته‌میش له‌و بواره‌دا یارمه‌تیده‌ره‌؟ ئایا سیاسه‌ت بوارێكی گڵاوه‌ و بۆ ژن نه‌هاتووه‌ ئیشی تێدا بكات؟

سیسته‌می سه‌رمایه‌داری له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ دامه‌زراوه‌ "قازانج و قازانجی زیاتر" ئه‌و سیسته‌مه‌ش ئێستا جیهان هه‌ڵده‌سووڕێنێت و له‌ سه‌ر "قازانج" كار ده‌كات. خه‌ڵكیش و زۆربه‌ی كۆمه‌ڵگه‌كانی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست نائاگایانه‌ خزێنراونه‌ته‌ نێو ئه‌م پرۆسه‌ی به‌ كاڵاكردن و قازانجپه‌رستییه‌وه‌، وه‌ك ماركس و ئه‌نگڵس ئاماژه‌ی پێده‌كه‌ن "خه‌ڵك به‌بێ ئه‌وه‌ی بزانن چی ده‌كه‌ن، به‌ره‌و ئیدئۆلۆژی باو ده‌ڕۆن".

ژنانی كورد تا ئێستا له‌ مێژوودا سه‌لماندوویانه‌ كه‌ "ده‌توانن" و "كردووشیانه‌"؛ ئیدی قسه‌ی له‌ سه‌ر ناكرێت. چونكه‌ ئه‌گه‌ر سیستمی حكوومه‌تداریی كوردی دژی ژن بێت له‌ هه‌موو كاته‌كانی ده‌وڵه‌تداریی كورددا ڕه‌نگی ده‌دایه‌وه‌! هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر داب و نه‌ریت ڕێگر با له‌ به‌شداریی ژنانی كورد له‌ سیاسه‌تدا و ته‌نیا بۆ ڕواڵه‌ت ژنیان هێنابایه‌ نێو سیاسه‌ت دیسان ئه‌و ده‌م و ئێستاش هه‌ر هه‌بوو و ده‌ماندیت؛ به‌ڵام شایه‌تی ئه‌وه‌ین ئه‌و دوو هۆكاره‌ ڕێگر له‌ به‌شداریی ژنانی كورد له‌ سیاسه‌تدا نییه‌، ئه‌دی هۆكار چییه‌ كه‌ ژنی كورد له‌ كاتێكدا باس له‌ مافی خۆی و به‌شداریی له‌ چاره‌نووسی كۆمه‌ڵگه‌ی خۆیدا ده‌كات به‌ڵام دیسانیش به‌پێی پێویست خۆی پیشان نادات؟

با نموونه‌یه‌ك باس بكه‌ین: "پێشمه‌رگه‌یاتی"؛ ماوه‌ی نزیك به‌ یه‌ك سه‌ده‌یه‌ ئه‌و ناوه‌ هه‌یه‌ و نه‌ته‌وه‌ی كورد و ته‌نانه‌ت كۆمه‌ڵگای جیهانیش ئه‌و ناوه‌ ده‌ناسێت و ڕێزی بۆی هه‌یه‌. پێشمه‌رگه‌ ناوێكی نێرانی نییه‌ و هه‌موو ئه‌و مرۆڤانه‌ ده‌گرێته‌وه‌ كه‌ بێ هیچ چاوه‌ڕوانییه‌كی ماددی، گیانیان له‌پێناوی ئامانجی ڕه‌وایاندا ده‌كه‌نه‌ قوربانی. پێشمه‌رگه‌ ته‌نیا تایبه‌ته‌ به‌ نه‌ته‌وه‌ی كورد، به‌ڵام پێشمه‌رگایه‌تی ته‌نیا تایبه‌ت به‌ ڕه‌گه‌زی باڵاده‌ستی مرۆڤی كورد نییه‌. به‌ درێژایی مێژووی خه‌باتی ئه‌م گه‌له‌، تێكه‌ڵێك له‌ ڕه‌گه‌زی ژن و پیاو هه‌ڵگری ئه‌م ناو و ئه‌ركه‌ بوونه‌ و هه‌ن.

له‌ كۆتاییه‌كانی سه‌ده‌ی بیسته‌م و سه‌ده‌ی بیست و یه‌كه‌مدا ژنان ڕۆڵێكی به‌رچاوتریان له‌ ژیانی پێشمه‌رگایه‌تیدا گرتووه‌ته‌ ئه‌ستۆ؛ له‌ سه‌رده‌مێكدا كه‌ له‌نێو گه‌لانی دراوسێ له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاستدا ژنان وه‌ك ڕه‌گه‌زی كه‌متر و ژێرده‌ست سه‌یر ده‌كرێن، ژنانی كورد له‌ مه‌ته‌ریزه‌كانی به‌رگری له‌ بوونی خۆیان و گه‌یشتن به‌ مافی یه‌كسانیدا سه‌رنجی میدیای جیهانییان بۆ لای خۆیان ڕاكێشاوه‌.

ئێستا كاتی ئه‌وه‌یه‌ ئه‌و پرسیاره‌ له‌ ژنانی كورد بكه‌ین بۆ دۆخه‌كه‌ وایه‌؟ ده‌بێ چی بكرێت؟

یه‌كه‌م ئه‌وه‌یكه‌، ژنان ده‌بێ له‌ ڕه‌وتی خه‌بات و تێكۆشانی خۆیاندا و به‌ تایبه‌ت فه‌زای نێو كۆمه‌ڵگه‌دا توانایی و سه‌بری قسه‌ و لێدوانه‌ جیاوازه‌كانیان هه‌بێت. تا كاتێك ژنان ئه‌و بابه‌ته‌ بۆ خۆیان نه‌كه‌نه‌ فه‌رهه‌نگێك كه‌ له‌ ده‌نگی ناڕازی دیواری سه‌ركه‌وتن دروست بكه‌ن، هیچ له‌ بابه‌ته‌كه‌ ناگۆڕدرێت.

دووهه‌م ئه‌و كار و ئه‌ركه‌ی كه‌ به‌ ژن ده‌سپێردرێت ده‌بێ به‌ هه‌موو هێزه‌وه‌ جێبه‌جێی بكه‌ن. له‌ غه‌یری ئه‌وه‌دا ناتوانن كاری گه‌وره‌تر وه‌ئه‌ستۆ بگرن. وه‌ك ده‌ڵێن: "كار بزرگ عزم بزرگ می‌طلبد".

سێهه‌م، پێویسته‌ پیاوان له‌به‌رامبه‌ر ژناندا به‌ ناخی خۆیان و بیركردنه‌وه‌یاندا بچنه‌وه‌ و بزانن ژن ته‌نیا ئه‌و كاڵایه‌ نییه‌ كه‌ ئه‌وان بۆ ڕواڵه‌ت بیكێشنه‌ نێو چالاكیی كۆمه‌ڵگه‌دا. ده‌بێ پیاوان ئه‌وه‌ بزانن كه‌ ژنانی پێشمه‌رگه‌ ئه‌و په‌یامه‌یان به‌ جیهان داوه‌، كه‌ ژن ته‌نیا ڕه‌گه‌زێكی نه‌رمونیان نییه‌، به‌ڵكوو هێزێكی به‌گوڕه‌ دژ به‌ پیاوسالاری و نایه‌كسانی، به‌ پێچه‌وانه‌شه‌وه‌ ژن دوو شۆڕش ده‌كه‌ن، شۆڕشێك بۆ نیشتمان و شۆڕشێك دژ به‌ سیستمی دژه‌ ژن.

ژنی كورد ئه‌و ڕاستییه‌ی سه‌لماندووه‌ كه‌ له‌ پیاو كه‌متر نییه‌ و به‌ڵكوو هاوشانی پیاو ده‌توانێت دژوارترین سه‌ختییه‌كان ته‌حه‌مول بكات. ژنانی كورد ناسنامه‌یه‌كی دیكه‌یان بۆ خۆیان دروست كردووه‌ ئه‌ویش "ئێمه‌ جیاوازین له‌و جۆره‌ی له‌باره‌ی ژندا ده‌گوترێت و بیر ده‌كرێته‌وه‌". ئه‌وان مه‌یدانی جه‌نگیان كردووه‌ته‌ مه‌یدانی خه‌بات دژ به‌ كۆنه‌په‌رستان و گه‌شه‌كردن و ده‌رخستنی جه‌سته‌ی ژن؛ بۆیه‌ دیسان ده‌بێ ژنی كورد له‌وه‌ی كه‌ هه‌یه‌ بێ گوێدان و ترس له‌ هه‌ر قسه‌ و به‌ربه‌ستێك مه‌یدانی كردووه‌ به‌ر نه‌دات و ئه‌رك وه‌ ئه‌ستۆی خۆی بگرێت و ئه‌وه‌ بزانێت چالاكی ژنان و مافه‌كانیان سیاسه‌ت خه‌لقی نه‌كردووه‌، به‌ڵكوو ئه‌وه‌ ژنه‌ كه‌ مانای به‌ سیاسه‌ت به‌خشیوه‌.

کوردستان

## ئاسۆ ساڵح:
# ڕووسیە لە چوارچێوەی باڵانسی هێز ناچارە لە سەر دژکردەوەی ڕۆژئاواییەکان بەرانبەر ئێران ئەگەر یاریدەر نەبێت، لانیکەم بێدەنگی هەڵبژێرێت

**پەنجا و چوارەمین کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی ساڵانەی ئەمنییەتیی موونیخ، بە بەشداری سەدان کەس لە ڕێبەران، دیپلۆماتکاران و بەرپرسانی وڵاتانی جیهان لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لە ئاڵمان بەڕێوە چوو، کە جیا لە ئەمنییەتی سایبێری، ئەمنییەتی وزە و مەسەلەی تەندروستی، باس لە هەڕەشەکانی وەکوو داعش و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش کرا. ئەو مژارە لەگەڵ ڕۆژنامەڤان "ئاسۆ ساڵح" تاوتوێ دەکەین.**



## دەقی وتووێژی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەگەڵ ئاسۆ ساڵح

**کۆنفڕانسی ئەمنییەتی موونیخ لە دۆخێکی ئاڵۆز و قەیراناویی ناوچەیی و جیهانیدا بەڕێوە چوو، پێتان وایە کە ئەو کۆنفڕانسە لە بواری عەمەلییەوە چەندە دەتوانێ لە کەمکردنەوەی شەڕ و ئاڵۆزییەکان ڕۆڵی هەبێت؟**

دیارە ئەو کۆنفڕانسە بۆ خۆی پلاتفۆڕمێکی بڕیاردەر نییە، واتە ئەو دەوڵەت و ڕێکخراوانە لەوێ کۆ نەبوونەتەوە کە بڕیارێک بدەن، بەڵام هاوکات کۆنفڕانسی ئەمنیەتی موونیخ شوێنێکە بۆ کۆکردنەوەی ڕێبەرانی جیهان و نوێنەرانی دەوڵەتان، واتە لەو کۆنفڕانسەدا بڕیاردەرانی وڵاتانی جۆراوجۆر ئیمکانی ئەوەیان دەبێت کە پێکەوە دابنیشن و لە سەر هەندێ تەوەر، کێشەی ناوچەیی و جیهانی باس و دیالۆگی لەسەر بکەن؛ پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە لە کۆنفڕانسی موونیخدا هەروەها باسی کێشە ئەمنیەتییەکان دەکرێ کە بوونیان هەیە یان باسی ئەو مەسەلانە دەکرێت کە پۆتانسیەلی ئەوەیان هەیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ببنە کێشەی ئەمنیەتی، بۆ وێنە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باسی پاشماوەکانی داعش، ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە دروست کردنی کێشەی ئەمنیەتی لە ناوچە، وە هەروەها لە ئاستی جیهانیشدا دەکرێ ئاماژە بە کێشەی نێوان زلهێزە جیهانییەکان و کێشە لەگەڵ کۆریای باکوور بکرێت. دابینکردنی ئەو خاڵانە یان هێزانە کە لە داهاتوودا بتوانن ببن بە کێشەی ئەمنیەتی، دەتوانێ ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەیان.

**باسی ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیتان کرد کە بووەتە کێشەی ئەمنییەتی، کە هەڵوێستی توندی نوێنەرانی بەشێک لە وڵاتانی جیهانیشی لەو کۆنفڕانسەدا بە نیسبەت ڕۆڵی مەنفی ئێران و دەستتێوەردانەکانی بە دوای خۆیدا هێنا، ئەمە چی دەگەیەنێ؟**

ئەم هەڵوێستە تازە نییە، بەڵام جیاوازیی لەگەڵ هەڵوێستەکانی پێشوو، کاتی دەربڕینی ئەو هەڵوێستانەیە، واتە لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بە تایبەت لە یەک ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕێکخراوە بێ دەوڵەتەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی وەکوو حیزبوڵا، توانیویانە کە لە ناوچە بارودۆخێکی تایبەت پێک بێنن کە مەترسی لەسەر ئەمنیەتی مەنتەقە پێک دێنن. ئەم هەڵوێستانە هاوکاتە لەگەڵ گۆڕینی هاوکێشەکانی ناوچە و پێکهێنانی نەزمێکی نوێ لە ناوچە، لە سەر ئەساسی سەرهەڵدانی دووبارەی ڕووسیە وەکوو زلهێزێکی تازە کە بارودۆخێکی تایبەتیی هێناوەتە ئاراوە. سیاسەتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی ئێران و ستراتێژی ناوچەیی ئەم ڕێژیمە دیارە، بەڵام قەبووڵ کردنی نەزمێکی نوێ، کە ڕووسیەش تێیدا بێت لەلایەن ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە دەتوانێ هەندێ گۆڕانی جیددی لە گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک بێنێت. سیاسەتی ڕووسیە لە ناوچە لە سەر ئەساسی تێگەیشتن لە بەرژەوەندییەکانی هەموو ڕۆڵگێڕەکانی ناوچە و هاوڕاکردنی ئەو بەرژەوەندییانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ڕووسیە بووە؛ واتە ئێستا ڕوسیە، بەپێچەوانەی ئامریکا، دۆستی زۆرتر لە ناوچە هەن کە هەندێکیان تەنانەت لە سەر عەرز لە بەرانبەر یەکتر ڕاوەستاون. کۆماری ئیسلامیش یەکێک لەو هاوپەیمانانەی ڕووسیەیە کە ئەگەرچی لەم ماوەیەدا بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیە هاوتەریب بوون، بەڵام گۆڕینی هاوکێشەکانی ناوچە دەتوانێ کاریگەری لە سەر ئەم هاوپەیمانەتییە دابنێت.

هەڵوێستی توندی ئێستای بەشێک لە وڵاتانی جیهان بە نیسبەت نەخشی مەنفی ئێران و دەستێوەردانەکانی ئەوە دەگەیەنێت کە کۆماری ئیسلامی ئێران پۆتانسیەلی زۆری بۆ پێکهێنانی نائەمنی لە ناوچە هەیە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە سەر لانیکەم کۆنتڕۆڵ کردنی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم هاوڕان. ڕووسیە بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئەو باڵانسی هێزە و سیاسەتی "تەجمیعی ئەزداد"، واتە کۆکردنەوەی بەرژەوەندیی هەموو ڕۆڵگێڕانی ناوچە، ڕاگرێ، ناچارە لە سەر دژکردەوەی ڕۆژئاواییەکان بەرانبەر ئێران ئەگەر یاریدەر نەبێت، لانیکەم بێدەنگی هەڵبژێرێت. کێشەیەک کە حەوتوویەک پێش ئێستا، لە سنوورەکانی نێوان ئیسرائیل و سوریە و بۆردمانکردنی پایگاکانی ڕێژیمی ئێران و هاوکات بێدەنگی ڕووسیە لەم بوارە، لە سەر ئەم ئەساسە تەحلیل دەکرێت؛ بۆیە من پێم وایە ئەم هەڕەشانە لە کۆنفڕانسی ئەمنیەتی موونیخ لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانە دێتە ئاراوە و لەوانەشە لە داهاتوودا کردەوەی هاوشێوەی سنووری سووریە/ئیسرائیل ببینین.

**ئەگەر بە پێی ئەم جەمسەربەندییانەوە بێت کە ئاماژەتان پێکرد، ئایا کۆنفڕانسێکی لەو چەشنە دەتوانێ لە کورتکردنەوەی دەستی ئێران لە ناوچەکەدا ڕۆڵی هەبێت؟**

هەروەک لە وڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکرد، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ فاکتەری دیکە کە پێم وایە گرینگترینی جۆری هەڵوێستی ڕووسیە دەبێت؛ ئەگەر ڕووسیە پێی وابێت کە ڕاگرتنی ئەم نەزمە کە هێدی هێدی خەریکە پێک دێت و ئەو تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، بە کردەوەکانی ئێران دەکەوێتە مەترسییەوە، هەوڵ دەدات کە ڕێگر بێت لە بەرانبەر کورتکردنەوەی دەستی ئێران یان لانیکەم بێ هەڵوێست بوون لە بەرانبەر گوشاری وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەرانبەر بە ئێران، بەڵام ئەگەر ڕووسیە پێی وابێت کە هێشتا پڕۆسەی دروستکردنی ئەم نەزمە هێشتا درێژەی هەیە، لەو کاتەدا پێویستی زۆرتری بە هاوپەیمانیەتی ئێران دەبێت؛ لەم حاڵەتەدا دووبارە درێژە بە سیاسەتە هەنووکەییەکانی خۆی دەدات و پشتیوانی لە ئێران دەکات.

**ئەم هەڵوێست و نەزمە نوێیە، چەندە پێوەندییان بە سیاسەتی ئیدارەی ئامریکا و ترامپەوە هەیە کە داوای کردبوو گوشار بخرێتە سەر ئێران؟**

پێم وایە زۆرتر لەوە کە پێوەندییان بە سیاسەتی نوێی ترامپەوە هەبێت، نەتیجەی سیاسەتی سەرکۆماری پێشوو، واتە ئۆبامان؛ بە واتەیەکی دیکە هەوڵدان بۆ چۆڵ کردنی گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت سووریە لەلایەن ئیدارەی ئۆباما کە بووە هۆی ئەوەیکە نەزمێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێک بێت، کە تیایدا ڕووسیە ڕۆڵگێڕی سەرەکییە و لە پاڵ ئەم وڵاتە بەهێزترین دەوڵەتی شیعە واتە ئێران، و یەکێک لە بەهێزترین دەوڵەتانی سوونی واتە تورکیە هەن؛ واتە لە حاڵێکدا کە پاش بەهاری عەرەبی و بەتایبەت پاش داگیرسانی ئاگری شەڕ لە سووریە و یەمەن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سەر دوو باڵی سوننە و شیعە دابەش کرا، ڕووسیە توانیویەتی کە پارسەنگی هێز بە قازانجی خۆی بەجۆرێک ڕاگرێ کە هەم پشتیوانی وڵاتی شیعەی ئێرانی لە پشت بێت و هەم پشتیوانی وڵاتانی سوونی وەکوو میسر، تورکیە و عەرەبستان. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سیاسەتی ئامریکا بەپێچەوانەی سیاسەتی ڕووسیە لە ناوچە بوو، واتە تەنیا پشتیوانی وڵاتانی سوونەی دەکرد کە ئەم هاوپەیمانییەش پاش هەڵوێستی ئامریکا لە سووریە کەوتە مەترسییەوە، واتە کاتێک کە هەموو وڵاتانی عەرەبی داوایان لە دەوڵەتی ئۆباما دەکرد کە بەرانبەر بە کۆمەڵکوژی ڕێژیمی سووریە هەڵوێست بگرێت، ئامریکا پاش ماوەیەکی زۆر کردەوەی نیشان دا؛ ئەمە و نەمانی هێزی ئامریکایی لە ناوچە وای کرد کە بۆشاییەک پێک بێت کە بە بوونی چالاکانەی ڕووسیە، ڕۆڵگێڕی ئێران و دروست کردنی هاوپەیمانی نوێی نێوان تورکیە و ڕووسیە، هاوکێشەکان بە قازانجی ئەم وڵاتانە و لە ناویشیاندا ئێران بگۆڕدرێن.

پاش هاتنە سەرکاری ئیدارەی نوێی ئامریکا، سەرۆک ترامپیش تا ڕادەیەک هەرچەند کەم، عەلاقەی خۆی بۆ گۆڕینی ئەم نەزمە نوێیە و گەڕانەوەی دووبارە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیشان داوە، بەڵام بەڕای من، ئەم نەزمە نوێیە کە سەرچاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە وانەیە نەزمی لیبراڵی دونیا بە جۆرێک بگۆڕێ و نەزمێکی ئۆلیگارشی لە وڵاتانی زلهێزی جیهانی لەم نەزمە نوێیە پێک بێن کە ڕووسیەش لەناویاندا دەبێت؛ لەم نەزمە نوێیەدا خاڵێک کە زۆر گرینگە و پێویستە هەستیارانە لەگەڵی هەڵسوکەوت بکرێت، مەسەلەی دابینکردنی وزەی ئۆرووپایە؛ دابین کردنی ئەم وزەیە پێویستی بە هاوکاریی وڵاتانی ناوچە لەناویاندا تورکیە و ئێرانە و هەروەها دابین کردنی نیسبی ئەمنیەت و سوبات لە ناوچە، ئەمەش وا دەکات کە ئەگەر لەلایەن ئیدارەی نوێی ئامریکاوە گوشارێک لە سەر ئێران هەبێت، ئەم گوشارە سنووردار بێت و ئامانجی تەنیا گۆڕینی ڕەفتاری ئێران بێت.

**لە پێوەندی لەگەڵ داعش و هەڕەشەکانی دیکەی وەکوو ڕێژیمی ئێران، ئێوە ئەم پرسیارەی وەزیری دەرەوەی عەرەبستان لە کۆنفڕانسی مونیخ دا " بۆچی ئێران تاکە وڵاتە کە هێشتا نەکەوتووەتە بەر پەلاماری داعش یان ئەلقاعیدەوە؟" چۆن لێک دەدەنەوە؟**

ئەمە پرسیارێکە کە پێشتریش هاتۆتە ئاراوە بە شێوەیەک کە پاش هێرشی چەند کەس بۆ مەجلیسی ڕێژیم، ئەو هێرشە بە هێرشێکی ساختە لەقەڵەم دەدرا. هەڵبەت ڕێژیم بۆ خۆی زۆر جار ڕایگەیاندووە کە لە سەر سنوورەکانی لەگەڵ داعش دەرگیر بووە کە ئەم هەواڵانە لە لایەن هیچ وڵاتێکی دراوسێ و لە هیچ ڕاگەیاندنێکەوە تەئید نەکراوە، هاوکات هەندێ خاوەنڕا پێیان وایە کە ڕێژیم ئەم هەواڵانە بۆ ئەوە بڵاو دەکاتەوە تا هاوکات سنوورەکانی بە تایبەت کوردستان و بەلووچستان زۆرتر میلیتاریزە بکات و بتوانێ گوشارەکانی خۆی لە سەر چالاکانی ناوخۆ زۆرتر بکات؛ بەڵام بە گشتی سەبارەت بەم پرسیارە پێم وایە عەرەبستان دەیهەوێ بە ڕاشکاوانە بڵێت کە داعش لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێ و ڕێژیم لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی خۆی کەڵک لە داعش وەردەگرێ. ئامانجی دیکە لەم پرسیارە دەتوانێ ئەوە بێت کە بە ڕای عەرەبستان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناوەندێکە بۆ درووست کردنی نائەمنی لە ناوچە و جیهان، بۆیە ئەگەرچی داعش لە عێراق و سوریە لاواز بووە، بەڵام ڕێژیم دەتوانێ هەمان کار و هەمان سیاسەت لە شوێنێکی دیکە و لەوانەیە بە جۆرێکی دیکە دووپات بکاتەوە، بۆیە پێویستە وڵاتانی جیهان لە بەرانبەریدا ڕاوەستن.

**دۆخی نێوخۆیی ئێران پتر لە هەر کاتێک ئاڵۆزتر بووە و خۆپیشاندانەکانی دژی ڕێژیمیش پەرەیان سەندووە، ئەو هەڵوێست و گوشارە دەرەکییانە چەندە دەتوانێ بە قازانجی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی ئێران بشکێتەوە یان کاریگەری هەبێت لە سەر داهاتووی ئێران؟**

ئەو گوشارانە دەتوانێ ڕووی ڕاستی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ پیشان بدەن؛ ڕێژیم کە هەمووکات لە خۆپیشاندانەکان بە شێوەی هۆڤانە خەڵکی سەرکوت دەکرد، لە ڕووی دەرەوەی، خەڵکەکەی بە تێرۆریست ناو دەبرد و سەرکووتی خەڵکی قەبووڵ نەدەکرد؛ بەڵام مەحکووم کردنی ڕێژیم دەتوانێ لە قۆناخی یەکەم ڕووی ڕاستی ڕێژیم و جۆری هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی خۆی و خەڵکانی دیکە پیشان بدات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە تا ڕادەیەک ئاسانتر، سەبارەت بە سەرکوتی خەڵک، ڕێژیم سەرکۆنە بکرێت. هەڵبەت من پێم وایە ڕاستەوخۆ و بە کردەوە کاریگەریی ئەوتۆی نابێت.

**کورد یەکێک لەو لایەنانە بوو کە بەشداری کۆنفڕانسی ئەمنیەتی موونیخی کرد؛ گرینگی ئەم بەشدارییە بۆ کورد چییە؟**

ڕێبەریی کوردی باشوور توانیان لەم تریبوونە کەڵک وەربگرن، کە ڕا و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە کێشە ئەمنیەتییەکان بە گوێی وڵاتانی دونیا بگەیەنن. هاوکات توانییان لەم کۆنفڕانسەدا چاویان بە ڕێبەرانی وڵاتانی دیکە بکەوێت و لە سەر ئەو ڕەوشە هەستیارە کە پاش هێرشی حەشدی شەعبی و بە هاوکاریی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران کرایە سەر کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان هاتۆتە ئاراوە، گفتووگۆ بکەن. پێم وایە گرینگی ئەم مەسەلە لەوەدایە کە کورد لایەنێکی جیددی بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و تێرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ لاواز بوونی کورد لەم دۆخەدا واتە بەهێزبوونی تێرۆریزم لە ناوچەکە، ئەمەش بەرژەوەندیی وڵاتانی دیکە دەخاتە مەترسییەوە. پێم وایە ئەمە گرینگترین پەیامێک بوو کە لەلایەن ڕێبەرانی کورد لە کۆنفڕانسی ئەمنیەتی موونیخ ڕوو بە وڵاتانی جیهان دراوە.



# زستان لە کولتووری کوردەواریدا

شەریف فەلاح

بەشی دووهەم ـ کۆتایی

**مانگە نەورۆز، یان سێ شەشەی هەیاسی:**

لە ١٢ی ڕەشەممەوە هەتا سەرەتای نەورۆز و بەهار، کە بە (مانگە نەورۆز، یان سێ شەشەی هەیاسی) یان "سێ شەش ڕۆژی ئەیاز" ناسراوە، بەپێی باوەڕی خەڵک شەش ڕۆژی یەکەم بەفر دەبارێت، شەش ڕۆژی دووهەم بای توند هەڵدەکات و شەش ڕۆژی سێیەمیش تاو هەڵدێت و خۆرەتاو، دنیا گەرم دەکات و بەفری لاپاڵ دەتوێتەوە و خورەی ئاوی جۆبار و شیوەرد، مزگێنیی هاتنی بەهار و نەورۆز دەدات و ڕەشەممەی ڕاستی خۆی دەردەخات و وەرزی سپی کۆتایی پێدێت و ڕەشایی دەکەوێتە دنیا.

**خواردنی زستانە:**

لە کوردەواریدا بەپێی ئەزموون و بەو هۆیەی زستانی سەخت و تووش زۆر بووە، خەڵک هەر لە وەرزەکانی هاوین و پاییزەوە، لە فکری دابینکردنی خواردن و پێداویستیی زستانەدا بوون و بەم کارە دەگوترا (تفاقخستن) یان "ئازۆقەی زستان"؛ لە هاویندا لە بەرهەمی دانەوێڵە وەک گەنم، ماش و نیسک و نۆک زۆر خواردنی زستانە دروست دەکران و بە وشک کراوەیی بۆ وەرزی زستان هەڵدەگیران و زستانە چەندان چێشت و خۆراکی بەتام و چێژیان لێ ساز دەکرا.

بەتایبەتی لە گەنم کە بە یەکێک لە سەرەکیترین سەرچاوەکانی "ڕسق" دەهاتە ئەژمار کە پاش شۆردنەوە، لە سەربانەوە هەڵدەخرا و دوای وشک بوونەوە، بەشی زۆری کە پێی دەگوترێ "باراش، بارئاش" بۆ "زمهەرِ"ی زستان دادەنرا و لە پاییزدا دەیاننارده "ئاش" و دەیانکردە ئارد بۆ نان و کولێرە. بەشێکی کەم لەو گەنمەش دادەنرا کە پێیان دەگوت "پەتلە"، بە سێ بەش دابەش دەکرا: بەشێکی لەگەڵ "دۆ"ی خەست و گەڵای شێلم و سەلکەکەی تێکەڵ دەکرێت (هەڵبەت بۆ خواردنی (شێلم) تەنیا گەڵا شێلمی تێ دەکرێت و بۆ "دۆینە، ترخێنە" تەنیا دۆی خەست و ترش لەگەڵ گەنم تێکەڵ دەکرێت" و دوای زیاتر لە مانگێک دەیکوڵێنن و پاش ساردبوونەوە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا، چەند ژن و کچێکی کارامە لە سەربانی ماڵان کە گەڵا "پوونگە"ی لەژێر ڕادەخرێت، "دۆینە و شێلمە"کە بە جیا لە یەکتر، تۆپەڵ تۆپەڵ دەکەنەوە و دوای چەند ڕۆژ وشک دەبێتەوە و هەڵدەگیرێت بۆ زستان.

بەشی دیکەی "پەتڵە"کەش، بە "دەستار، دەسار، یان "هارە" نیوەکوت دەکرێت و وەک بروێش (ساوەر) بۆ زستان هەڵیدەگرن و چەندین خۆراکی لێ دروست دەکرێت؛ جیا لەم کارانە لە وەرزی هاویندا زۆرێک لە میوەکان وەک "قۆخ، سێو، قەیسی، هەرمێ، بەهێ، هەنجیر و هەڵووژە..." وشک دەکرێنەوە و بۆ زستان هەڵدەگیرێن.

جیا لەوانە بۆ شەوچەرەی زستانیش "مێوژ، گوێز، سنجوو، ناوکە قەیسی، بادام، گوڵەبەڕۆژە، و تۆوی کوولەکە و شووتی" بەشێکن لە خواردنی زستانە. وشککردنەوەی "تەماتە، بایەنجان و کەدوو (کوولەکە) و بیبەری شیرین و تیژ"یش بەشێک بوون لەو پێداویستییانەی کە لە زستاندا بۆ لێنانی چێشت کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

لە هەورامانی ڕۆژهەڵات و لە ناوچەکانی ژاوەرۆ (کامێران، سنە و مەریوان) جووتیارە زانا و پیرە بەمشوورەکان، لەو کاتانەی ترێ خەریک بوو تەواو بێت، بە وریایی هێشووە ترێی نیوە گەییویان لێدەکردەوە و لەنێو کەوێڵ (خانەباخ) یان لە ژووری (هێشخان)ی ماڵ کە چۆڵە، بە میچی ژوورەکەدا هەڵیدەواسی کە پێی دەگوترێت (ئانگوو)؛ ئەو هێشوە ترێیانە ساغ دەمانەوە و هیچیان لێ نەدەهات و لە زستاندا لە گوندەکان ترێی تازەیان دەخوارد. جووتیارە بەمشوورەکان، هەر بەم چەشنە میوەکانی وەک "هەنار، هەرمێ، بەهێ و سێو"یان بە هەڵواسراوی یان لەنێو "کا" و پووش و پاوان هەڵدەگرت بەبێ ئەوەی هیچیان لێ بێت کە بۆ ماوەی چەند مانگ دەمانەوە.

بەگشتی ئەو خۆراک و خواردنانەی کە زستانان لەنێو کوردەواری دروست کراون بریتین لە: "دۆینە، شێلم، بروێش(ساوەر) قاورمە، نیسکێنە، دانەکوڵانە (دانوولە) ئاوگۆشت، نۆکاو، پیازاو، گونێنە (هەر ترخێنەیە، بەڵام نەختێ توندترە و لەگەڵ ڕۆنی خۆماڵی دەخرێت) گۆشتاو، شیر برنج و...". لە کەشی سارد و بەفر و بارانی زستانی کوردەواریدا هەر ئەو خواردنە گەرمانە و شەوچەرەی بەتام و چێژ، تین و هێزیان بە خەڵک بەخشیوە هەتا لە بەرانبەر سەرمادا خۆڕاگر بن و وزە وەربگرن. بێگومان ژن و کچان لە هەڵگترن، سازکردن و لێنان و ئامادەکردنی ئەم خۆراکانەدا لە زستانی کوردەواری و بەتایبەت گوندەکان دەوری سەرەکییان هەبووە و هۆکاری سەرەکیی گەرمی و خۆشەویستیی خێزان بوون.

ناودێرکردنی ڕۆژەکانی ڕەشەممە:

مانگی ڕەشەممە لە کولتووری کوردەواریدا لەبەر ئەوەی دواییین مانگی سارد و سەرما و کۆتایی سەهۆڵبەندانە و پاش ئەوە نەورۆز و وەرزی بەهار دێت، یەک لەو مانگانەی وەرزی ساڵە کە جموجۆڵ دەخاتە نێو خەڵک و هەموو لایەک، خۆ بۆ پێشوازیی بەهار و وەرزی بووژانەوە ئامادە دەکەن. لە ٢٥ی مانگی ڕەشەممەوە، هەندێ لە ڕۆژەکان ناوی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە. هەروەک پێشتر باسمان کرد، لە ١٢ی ڕەشەممەوە هەتا ٣٠ی ڕەشەممە بە سێ شەشەی هەیاسی ناودێر کراوە، بەڵام لە هەندێ ناوچەی دیکە سێ شەشەی هەیاسی (ئایاز) کاتەکەی گۆڕاوە؛ لە ناوچەی "شائاباد"ی کرماشان لە ٢٩ی بەفرانبارەوە دەست پێدەکات و لە ١٧ی ڕێبەنداندا کۆتایی پیدێت و سەرجەم ١٨ ڕۆژە. لەم کاتەدا مەڕدار و ئاژەڵدارانی ئێلی "گۆران" بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان زۆر لەو هەژدە ڕۆژە دەترسن، چونکە لەو کاتەدا دابینکردنی ئالیف (ئاڵف) و شوێنی حەوانەوە بۆ ئاژەڵەکانیان تووشی کێشە دەبن، بۆیە لەم کاتانەدا پیرەپیاوان دەڵێن:

**خودا داد ژدەس سێ شەش گۆران**
**ماڵمان بار بکەد بچیم وە تووران**

ڕۆژی ٢٥ی مانگ بە ڕۆژی "گیسکی بەلەمز" ناسراوە، بەرەبەیانی ئەم ڕۆژە کە ئاسمان ساماڵ و خۆرەتاوە، گیسکێک لە ماڵ وەدەر دەکەوێت و ملی دەشت و دەر دەگرێتەبەر و دەست دەکا بە ڕمبازێن و جلیتان لەوەڕ، بەڵام لای ئێوارە تۆفانێکی دژوار دەست پێدەکات، گیسکە بچکۆلە ناشارەزایە و ڕێگەی ماڵەوە نابینێتەوە و سەری لێ دەشێوێت و ڕێگەی لێ هەتڵە دەبێ، لە تاو سەرما و زوقم مردار دەبێتەوە و ئەم ڕووداوە لەناو کورد بووەتە پەندێکی کوردی و دەڵێن: (دەڵێی گیسکی بەلەمزێ)، هەروەها بە مرۆڤی هەڵپە و بزۆز و نەحەواوە دەگوترێ کە لە شوێنێک ئارام و قەراری نەبێت.

ڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ی ڕەشەممە بە "قرانە دەعبا" و مەرگی بەکۆمەڵی باڵندەکان ناسراوە، چونکە زۆر جار باڵندە کۆچەرەکان لەم دوو ڕۆژەدا، بەهۆی گۆڕانکاریی کەش ڕەق هەڵدەگەڕێن و بەکۆمەڵ مردار دەبنەوە؛ بۆ وێنە ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی (١٩٣٥ی زایینی) لەو ڕۆژانەدا لە ناوچەی موکریان کەشوهەوا گۆڕا و تۆفان و زوقمێک هەڵیکرد و بە هەزاران باڵندەی کۆچەری لە سەرما ڕەق هەڵاتن و مردار بوونەوە؛ لەو ساڵەوە بەو ڕۆژانە دەگوترێت (قرانە دەعبا) و سەیفولقوزات شاعیری پایەبەرز، بەهۆی ئەو ڕووداوەوە غەزەلێکی جوانی هۆنیوەتەوە.

ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ی ڕەشەممە بە ڕۆژانی هەق و حیساب (ئاڵەکۆک) یش ناسراوە، ئاڵەکۆک گیایەکی لە شێوەی (شنگ)ە؛ بە باوەڕی خەڵکی ناوچەی مەهاباد لەو ڕۆژانەدا بەفر خوازبێنی لە ئاڵەکۆک دەکات و ئاڵەکۆکیش لە وەڵامدا دەڵێت هێشتا زووە و سەبرت هەبێ بەڵکوو نەختێ هەوا باشتر بێت و زوڵفەکانیشم نەختێ درێژتر بن و پاشان ڕازی دەبم. لە کۆتایی زستاندا ئاڵەکۆک بۆ زەماوەند ڕازی دەبێت و لەم کاتەدا ئیتر کەشوهوا بەهارییە و بەفری کوێستانان خەریکە دەتوێتەوە و وەڵامی ئاڵەکۆک دەداتەوە و دەڵێت:

ئاڵەکۆکی پرچنە
چۆڕچۆڕەم کەوتە بنە
چ بکەم لەو ماڵ و ژنە

ئەم باوەڕ و نەریتە لە ناوچەی شنۆش باوە، بەڵام لەباتی ئاڵەکۆکە دەڵێن (ئاڵەقۆقە) و لەو ناوچەیە کاتێک ئاڵەقۆقە ئامادە دەبێت شوو بە بەفر بکا، بەفر لە وەڵامدا دەڵێت:

**ئاڵەقۆقەی سەرپرچنە**
**چبکەم لەو ماڵ و ژنە**
**چۆڕچۆڕەم کەوتە بنە**

لە باوەڕی خەڵکی سنە و دەوروبەریدا، زستان بنەماڵەیەکی سێ کەسییە، دایک ناوی "خاتوو زەمهەریر" ە و دوو کوڕیشی هەیە بەناوەکانی "چلە گەورە و چلە بووچکەلە"، سەرەتا چلە گەورە دێت و بەدوای ئەودا چلە بچکۆلە دێت. چلە گەورە لە سەرەتای بەفرانبارەوە دەست پێدەکات و ماوەکەی چل ڕۆژە و پاشان چلە بچکۆلە دێت کە ئەویش تەمەنی چل ڕۆژە و لە بیستەمی ڕەشەمەشەوە خاتوو زەمهەریر دێت، هەڵبەتە هەرسێکیان لە ڕۆژانی کۆتایی، کۆتایی تەمەنیانە و دەمرن.

لە شەوی ٢٥ی ڕەشەممەوە هەتا شەوی نەورۆز، ڕۆژانی هیان کەنشت و مەرگی ئەو بنەماڵە سێ کەسیەیە و لەو ڕۆژانەدا کەشوهەوا بەتەواوەتی سارد دەبێت.

هەڵبەت بە باوەڕی هەندێ ناوچە، خاتوو زمهەریر خوشکی چلە گەورە و چلە بچکۆلەیە، بەڵام لەلای سنە و دیواندەرە لەو باوەڕەدان کە دایکیانە. خاتوو زمهەریر کاتێک دەزانێ هەردوو کوڕەکەی مردوون، دەست دەکاتە شیوەن و شین و شەپۆڕ و گریانێک و بۆ ماوەی نۆ شەو و ڕۆژ شیوەنێک بەرپا دەکا و دەڵێ دەیهەوێ دنیا تێک بدات، زوقم و بەستەڵەک و تۆفانێک هەڵدەکا و بڕست لە خەڵک دەبڕێت، بە باوەڕی پیرەپیاو و پیرەژنان، لەو ڕۆژانەدا خەڵک هەرچی جلوبەرگی زیاتر لەبەر بکەن، دیسان هەر کەمە.

**شەونشینیی زستانان:**

لە کوردەواریدا یەک لەو کولتوورە دێرینانە سەردان و شەونشینی و ئامشۆڕەفتی نێوان چین و توێژە جیاجیاکانە. بەتایبەت ئەم کولتوورە لە زستاندا لەبەر ئەوەی خەڵک بێکار بوون و کەرەسەیەکی دیکەی وەک ڕادیۆ، تەلەفزیۆن لە گۆڕێدا نەبووە، خەڵکی گەڕەک و گوندەکان، پەیوەندییەکی چڕوپڕی کۆمەڵایەتییان پێکەوە هەبووە و لە خەم و شادیی یەکتردا بەشدار بوون.

خەڵک لە ڕابردوودا، شەوانی دوور و درێژی زستانیان بەبێ هیچ سەرقاڵییەک چۆن بەسەر بردووە؟ لە شەوانی زستاندا لە دیوەخان و ماڵە ئاغا و دەوڵەمەند و هەژاران چی باس کراون؟

لە گوندەکان، جاران زوو، کە پیرەپیاوان بۆ نوێژی ئێوارە لە مزگەوت کۆ دەبوونەوە و پاش نوێژکردن یەکتریان بۆ ماڵ داوەت دەکرد، یان گفتیان بە یەک دەدا کە پاش شێو دێن بۆ ماڵیان، زۆربەی شەونشینییەکانی ماڵان لە زستان و بەتایبەت گوندەکان خێزانی بووە. جیا لە هەندێ شەونشینی کە گەنجان و تازەلاوان لە ماڵێکی چۆڵ و تەریک پێکەوە کۆ دەبوونەوە و جیا لە یاریی جۆرابێن، شا و وەزیر و زۆران قەمچان و چووزان و هەڵماتێن و گۆرانی و هەڵپەڕکێ بەشی هەرە زۆری سەرگەرمییەکان بوو. لە شەوانی زستاندا و لە شەونشینیی خێزانیدا، هەر کەسە و لەگەڵ هاوماڵ و هاوڕێ و هاوتەمەنی خۆی مەجلیسیان گەرم دەکرد.

سەرەژنەکان باسی جلوبەرگ، دەرودراوسێ، خۆهەڵکێشان و قسە و باسی کۆڕی تایبەت بە ژنانیان دەکرد و لە گۆشەیەکی دیکەشەوە کچانی گەنجیش خەریکی سرت و خورت و ڕاز و نهێنیی خۆیان بوون. لەلای سەرووی دیوەخانیشەوە پیرەکان و سەرۆکی ماڵ بە دەم جگەرەکێشانی تووتنی "تەوەس"ەوە کە جارەجارە دەکۆکین، دەیانکردە بەزمی خۆیان و هەندێ جار لە باسی سیاسەتەوە، دەپەڕینەوە سەر باسی جووت و گا و گلەیی لە زەمانە و پاش تاوێک دەیانکردە باسی بیرەوەری گێڕانەوە. لەو کۆڕانەدا بێگومان کەسێکی ژیر و وریا و قسە و نوکتەزان هەر پەیدا دەبوو کە هەندێ جاریش لەناو ژنانیش هەبوو، دەستی دەکرد بە گێڕانەوەی ڕاز و حیکایەت و چیرۆکی مامە گورک و ڕێوی و کەڵەشێر و ورچ و کوڕە کەچەڵ. زۆر جار منداڵان و کچانیش دەبوونە گوێگری تامەزرۆی ئەو چیرۆک و سەربوردانە و متەقیان لێوە نەدەهات و گێڕەوە، هێندە بە تامەزرۆییەوە چیرۆکەکانی دەگێڕایەوە و پاڵەوانەکانی دەگۆڕی بۆ کەسە نزیکەکانی ناو ئاوایی کە وەک فیلمێکی سینەمایی لێ دەهات.

دیوەخانی زستان، هەوێنی ئەدەبی زارەکی:

ئەم نەریت و کولتوورە بەپێی ناوچە و شار و گوند و دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان و تەنانەت توێژ و چینەکان گۆڕانی بەسەردا دێت؛ لە دیوەخانی ئاغا، کوێخا، بەگزادە و گەورەپیاواندا شەونشینی و کۆڕی تایبەت ساز دەکرا و لە زۆربەی دیوەخانی ئاغاکانی موکریان، گەورک، مەنگوڕ، پشدەر، باڵەکایەتی، جافایەتی، دزەیی و... گۆرانیبێژ، دەنگبێژ و حیکایەتخوانی شارەزا، ڕازێنەرەوەی ئەو کۆڕانە بوون و بەشێکی زۆر لە بەیت، گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان و بەگشتی ئەدەبی زارەکیی کورد، لەو کۆڕانەدا بە زیندوویی ماوەتەوە و پشتاوپشت و دەماودەم هەتا گەیونەتە ئەمڕۆ.

**شەوچەرەی زستان:**

شەوانی ساردی زستان و کۆڕی گەرمی شەونشینی و گێڕانەوەی چیرۆک و بەند و باو و حیکایەت و ئەفسانەکان، هاوکات لەگەڵ خواردنی شەوچەرەی ماڵان ڕازێنراوەتەوە.

ئەم نەریت و کولتورەش ناوچە بە ناوچە جیاوازە و لە هەر شوێنێک جۆرێکە و لە هەر دەڤەرێک جۆرێک خواردن و چەرەزات ئامادە کراوە. لە ناوچەی سنە دەڵێن: "شەونشینی و خوەش نشینی" لە ناوچەی ژاوەرۆ کە گوێز و مێوژ و تۆوی وشک زۆرە، شەونشینییەکان دەڕازێنێتەوە. لە ناوچەکانی دیکەش گوڵەبەڕۆژە، تۆوی کوولەکە و شووتی و ناوکە قەیسی و هەندێ جاریش قەیسی وشکەوکراو و لەتکە هەرمێ و سێو دادەنرێت و بەدەم ڕاز و نەزیلەی دایەپیرە و بابەپیرەوە دەیخۆن و کات بەسەر دەبەن و هەتا درەنگانی شەو بەم چەشنە شەو نیوە دەکەن و پاشان کە منداڵان خەو تینیان بۆ دێنێ و لار دەبنەوە، ئیتر گەورەکانیش واز لە بەزمی خۆیان دەهێنن و دەڵێن "ئەرێ برا نەیکەینە شەو"، هەر یەکەو بۆ ماڵی خۆی وەڕێ دەکەوێت و دەچنەوە کۆشی خەو و شەوگاری ساردی زستان.

## سەرچاوەکان:

١ـ سلیمی هاشم، زمستان در فرهنگ مردم کرد – انتشارات سروش چاپ اول ١٣٨١
٢ـ بەهرامی ئەحمەد، پەندی پیران و فەرموودەی ژیران – بەرگی یەکەم – زانکۆی کوردستان لە سنە – چاپی یەکەم زستانی ١٣٩٤

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:719 • 19 Feb. 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوە و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ٩٦ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەسبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

## دەسبەسەر، بانگهێشت و زیندانیی کردن لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا:



ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "مەهیار ئەحمەدی" تەمەن ٢٤ ساڵ و خوێندکاری ڕشتەی کامپیوتێر خەڵکی شاری سنە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کرا.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندان، لاوێکی تەمەن ٢٠ ساڵ خەڵکی گوندی "بانەوڕێ"ـی شاری پاوە، بە ناوی "ئیحسان قادری" لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی "هەڵمەت فرووغی" خەڵکی گوندی "بێورانی خوارێ" سەر بە شاری سەردەشت، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری ورمێوە دەسبەسەر کرا. هەر هەمان ڕۆژ هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی گوندی "بێڵەوەر"ی شاری مەریوان بە ناوی" موزەفەر لوتفی" بە تۆمەتی "هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران" دەسبەسەر کرا.

گوشار هێنان بۆ سەر مامۆستایەکی ئایینی کورد: ڕێکەوتی ١٦ی ڕێبەندان، ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد، مامۆستا "موارد ئەکرام" مامۆستای ئایینیی گوندی "سەهۆڵان" سەربە شاری مەهابادیان بانگهێشتی ئەو ئیدارەیە کردووە.

"نیشتمان ئەسعەدی"، هەواڵنێری ئاژانسی هەواڵی موکریان، لەژێر گوشاری هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران، ناچار بە بەجێهێشتنی زێدەکەی بوو.

ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی "میلاد دلارا" خەڵکی سەقز، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەم شارەوە بە ١٥ مانگ زیندان مەحکووم کرا.

لەو ماوەیەدا هاووڵاتییەکی کورد، خەڵکی شاری پیرانشار بە ناوی "ڕەسووڵ سوڵتانی ئازەر" بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی، ڕەوانەی گرتووخانەی ناوەندیی شاری ورمێ کرا.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندان، لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە بە سەرۆکایەتی دادوەر "سەعیدی" حوکمی چوار ساڵ زیندانی تەعزیری، بۆ هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "شەهرام فەرهادی" بڕییەوە.

لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنەش، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی ئەو شارەی بە ناوی "محەممەدنەعیم محەممەدپوور"، تەمەن ٤٥ ساڵ کوڕی عەبدولکەریم، بە دوو ساڵ زیندانی تەعزیری بە لەبەرچاوگرتنی ماوەی دەسبەسەربوونی پێشووی مەحکووم کرد.

دەزگای قەزایی لە مانگی ژانویەدا، حوکمی ٥٣ ساڵ و ٧ مانگ زیندانیی بۆ ١٤ هاووڵاتیی کورد بە تۆمەتی "سیاسی و ئەمنییەتی" دەرکرد.

هەروەها دوو زیندانیی سیاسیی دیکەی کورد، بە ناوەکانی ڕامین حوسێنپەناهی و هیدایەت عەبدوڵڵاپوور بە ئێعدام مەحکووم کراون.

لە نێوەڕاستی ئەم مانگەوە، ئیجلال قەوامی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مافی مرۆڤ، خەڵکی شاری سنە، بە بڵاوکردنەوەی نامەیەک ڕوو لە ویژدانانە نەنووستووەکان ڕایگەیاند، کە لە لایەن کەسانێکی دیاریکراوەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ کراوە.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، زۆربەی هاووڵاتییانی دەسبەسەرکراو لە کوردستان، بەتۆمەتی "سیاسی و هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکومەتی ئێران" لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە گیراون.

## خۆکوژی لە کوردستان



لاوێکی ١٦ ساڵە بە ناوی "مەسعوود بێهروزی"، کوڕی ڕەمەزان خەڵکی شاری شنۆ هەوڵی خۆکوژی دا و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

یەکێک لە کرێکارانی شارەداریی شاری کامیاران بە ناوی "بیژەن قوڵزووی" بە هۆی نەدانی مووچەی دواکەوتووی چەند مانگە لە لایەن شارەداریی ئەو شارەوە، خۆی سووتاند و پاش چەند ڕۆژ، ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی ڕێبەندان، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری تەورێز گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی شەممە ٢١ی ڕێبەندان، لاوێکی تەمەن ٢١ ساڵ خەڵکی گوندی "شەمسە"ی ناوچەی تیلەکۆی شاری سەقز، بە ناوی "ئەسعەد مەولوودی" کوڕی محەممەد کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ڕێبەندان، زیندانییەکی کورد بە ناوی "حوسێن قولیزادە" خەڵکی شاری سنە، لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارە هەوڵی خۆکوژی دا.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندان، لاوێکی یارسانی بە ناوی "یەحیا یاری" تەمەن ٢٤ ساڵ کە لە کۆتاییەکانی ماوەی سەربازییەکی بووە، بە هۆی بێڕێزی کردن و هەڵاواردنەوە لە لایەن بەرپرسانی پادگانی نیزامیی "سابتخا" کۆتایی بە ژیانی هێنا.

## نەبوونی خزمەتگوزاری پزیشکی



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "حەسەن ستەمدیدە" تەمەن ٥٤ ساڵ خەڵکی شاری سەقز، کە بە هۆی نەخۆشی دڵەوە سەردانی نەخۆشخانەی شاری سەقزی کردبوو، بە هۆی نەبوونی پێداویستییە پزیشکییەکان و پزیشکی شارەزا گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕێبەندان، کارن ئەلیاسی، منداڵێکی ساوای دوو مانگەی یەکێک لە بنەماڵە بوومەلەرزەلێدراوەکانی شاری سەرپێڵی زەهاو، بە هۆی نەخۆشی و ئاوەدزکردن لە جەستەیدا گیانی لە دەست دا.

بە هۆی پێکدادانی دوو ماشین لە جۆری پراید و پژۆ، لە یەک کیلۆمیتری جاددەی زەڕینەی ناوچەی دیواندەرە، چوار کەس کوژران و بریندار بوون کە لەو ڕووداوە، یەکێک لە بریندارەکان، بە هۆی سەختی برینەکەی و درەنگ گەیشتنی ئۆرژانس گیانی لە دەست دا.

## بریندار بوون و گیان لە دەستدانی کرێکاران



یەکێک لە کرێکارانی شارەداریی شاری کامیاران، بە ناوی "بیژن قوڵزووی" بە هۆی نەدانی مووچەی دواکەوتووی چەند مانگە لە لایەن شارەداریی ئەو شارەوە، خۆی سووتاند و پاش چەند ڕۆژ، ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی ڕێبەندان، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری تەورێز گیانی لە دەست دا.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندان، ٨ کرێکاری کورد، خەڵکی شاری مەریوان و سەوڵاوا بە هۆی تەقینەوەی کەپسوولی گاز لە یەکێک لە یەکە پیشەییەکانی شاری ئەحواز بریندار بوون.

ناسنامەی ئەو ٨ کرێکارە کوردە برینداربووە بەم چەشنەیە:

عەتا داراشی تەمەن ٣٨ ساڵ، زانیار داردان ٢٣ ساڵ، عەدنان سەعیدی ٢٤ ساڵ، نەریمان داردان ١٩ ساڵ، محەممەدکەریم، ئارێز برای محەممەدکەریم، عەبدولڕەحمان کەریمی و محەممەد یووسفی.

ئەو ٨ کرێکارە مەریوانییە، خەڵکی گوندەکانی "دووەیسە"ی شاری مەریوان و "دێبەر"ی شاری سەوڵاوان.

ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی ڕێبەندان، یەکێک لە کرێکارانی برینداربووی تەقینەوەی گاز لە ئەحواز بە ناوی عەتا داراشی تەمەن ٣٨ ساڵ خەڵکی گوندی "دێبەر"، بە هۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی، لە نەخۆشخانەی ئەحواز گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ڕێبەندان، کرێکارێکی شارەداریی شاری ئیلام، بە هۆی ڕووداوی لێدانی ماشینی کۆکەرەوەی زەبڵ گیانی لە دەست دا.

## بەربوونەوە، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران

شەوی دووشەممە ڕێکەوتی ١٦ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "تاهیر چاشنی دڵ"، تەمەن ٣٥ ساڵ خەڵکی گوندی "حەلج" سەر بە ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ، بە هۆی بەربوونەوەی لە بەرزایی، گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "محەممەد کەریمی" خەڵکی گوندی "دزڵێ" سەر بە شاری هەورامان بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی "تەتە"بە توندی بریندار بوو و لاقێکی شکا.

## تەقینەوەی مین

لاوێکی کورد بە ناوی"یوونس کازم زادە" خەڵکی شاری مەلەکشای ئیلام لە ناوچەی سنووریی شاری مێهران بە هۆی تەقینەوەی مین، دەستبەجێ گیانی لە دەست دا.